Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-25

# کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجی خانەکانی فێربوون لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا

## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر)

ڕێبوار عزیز دەروێش کاکەبرا، شێرزاد علي احمد

بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | June, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | August, 2025 |

**Keywords**

(ستراتیجی، خانەکانی فێربوون، دەستکەوتی خوێندن، بیرکردنەوەی ئەرێنی).

**Corresponding Author**

Rebwaraziz677@gmail.com

Sherzad.ali@garmian.edu.krd

**پوختە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجی خانەکانی فێربوون لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا.

توێژەر پشتی بە دیزاینی نیمچە ئەزموونی بەست بۆ هاوسەنگکردنی هەردوو گروپی توێژینەوەکە، گروپی ئەزموونی بەپێی ستراتیجی خانەکانی فێربوون وانەیان پێ دەگوترایەوە، گروپی کۆنترۆڵکراو بەرێگای ئاسایی هەمان بابەتیان پێ دەگوترایەوە.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەناوەندی شاری دەربەندیخان بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025)، بژاردەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (44) خوێندکار، بۆ توێژینەوەکە دوو ئامراز بەکارهێنراوە، یەکەم: تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن، کە بریتی بوو لە (40) بڕگەی پرسیاری لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک بەپێی سێ ئاست (بیرهێنانەوە، تێگەشتن، جێبەجێکردن) لە ئاستەکانی پۆلێنی بلوم. دووەم: پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێنی، پێکهاتبوو لە (38) بڕگە.

دوای ئەنجامدانی ئەزمونەکەو تەواوبوونی و کۆکردنەوەی داتا، توێژەر هەستاوە بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەو شیکارکردنی ئاماری لەسەر داتا بەدەستهاتووەکان لەرێگەی بەرنامەی هەگبەی ئاماری (SPSS)لە کۆتاییدا گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە.

١-بەکارهێنانی ستراتیجی خانەکانی فێربوون لە وانەوتنەوەی مێژوودا بۆ خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی کاریگەری کارا و بەرچاوی هەبووە لەسەر دەستکەوتی خوێندکاران بەراورد بە رێگای ئاسایی.

٢ -بەکارهێنانی ستراتیجی خانەکانی فێربوون لە وانە وتنەوەی بابەتی مێژوودا بۆ خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی کاریگەری کارا و بەرچاوی هەبووە لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی بەراورد بە رێگای ئاسایی.

## پێشەکی:

## بەشی یەکەم : ناساندنی توێژینەوەکە

## گرفتی توێژینەوەکە (مشكلة البحث)

ستراتیجی وانەوتنەوەی سەرکەوتوو ئەوەیە، کە ڕۆڵێکی چالاکتر و ئەرێنی تر دەبەخشێت بە خوێندکاران، گرنگی ستراتیجییەکانی وانە وتنەوەی هاوچەرخ لەوەدایە کە خوێندکار لە پلەی یەکەم دادەنێت لە نێوان پێکهاتەکانی کرداری و فێرکردن لە پێناو دەسکەوتی خوێندنی خوێندکاران و پارێزگاری کردن لە زانیاریەکان بۆ ماوەیەکی درێژ لە هزرو بیریاندا (حسن ، ٢٠٢١: ٥).

توێژەر ماوەی (١٦)ساڵە وانە دەڵێتەوە لە قوتابخانەدا تێبینی کردوە کە گرفت لە دەستکەوتی خوێندندا هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش ڕاپرسییەکی ئەنجامدا لەسەر نموونەیەک لە مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەم لەسنوری پەروەردەی دەربەندیخان، کە لە دوو پرسیار پێکهاتبوو: ١- (خانەکانی فێربوون)یەکێکە لە ستراتیجە کاراکانی وانەوتنەوە زانیاریت هەیە لە سەری؟ ٢- ئایا؟ گرفت لە دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی هەیە لای خوێندکاران، ئەگەر وەڵامەکەت نەخێربوو هۆکارەکەی بنووسە.

دوای گەڕانەوەی فۆرمەکان وەڵامەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو.

١٠٠٪ مامۆستاکان زانیارییان نەبوو لەسەر ستراتیجی خانەکانی فێربوون، بەڕێژەی ٩٤٪ ی مامۆستاکان گرفت هەیە لە ئاستی دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکاران، و چەند هۆکارێکیان خستبووە ڕوو لەوانەش: گرانی پرۆگرامی خوێندن و پەیڕەو کردنی شێوازی کۆن لە وانەوتنەوە و گرنگی نەدان بەچالاکی و چەند هۆکارێکی تر.

توێژەر لە ڕوانگەی هەستکردن بەبونی ئەم کێشەیە هەوڵیداوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیجی (خانەکانی فێربوو)ەوە گرفتەکانی توێژینەوەکەی بەشێوەی پرسیار بخاتەڕوو:

١-ئایا بەکارهێنانی ستراتیجی خانەکانی فێربوون کاریگەری هەیە لەسەر بەدەستهێنانی دەستکەوتی خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتی مێژوودا؟

٢- ئایا بەکارهێنانی ستراتیجی خانەکانی فێربوون گەشە بەبیرکردنەوەی ئەرێنی دەدات لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتی مێژوودا؟

## 1-2-گرنگی توێژینەوەکە

بواری پەروەردە لەسەردەمە دێرینەکانەوە تاکو ئێستا بەیەکێک لەبنەما گرنگەکانی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگا دادەنرێت، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو فراوانبوونی بیر و هزری مرۆڤ پێویستی بەخۆئامادەکردنێکی باش هەیە بۆ ئەوەی تاکەکان پشت بەخۆیان ببەستن.

وانەووتنەوە بەشێوازی کۆن بارگرانییە لە سەر مامۆستا و خوێندکاریش وەرگری زانەکییە، و بەدوایدا ناگەرێت، بەڵام لە ڕەوتی نوێدا فێرخواز بۆ بەدەستهێنانی زانست دەگەڕێت و مامۆستاش ڕێبەرو ڕاهێنەرە(هدى،2020: 15 )

پرۆسەی وانەوتنەوە بریتییە لە زنجیرەیەکی فرەتوخم، کە هەنگاو ڕێکا ڕو جێبەجێکردن لەخۆ دەگرێت بەپێی سروشتی ئەو بابەتانەی دەوترێنەوە ، ڕۆڵی مامۆستا ڕێنمایی و ئاراستە کردنە، خوێندکاریش ڕۆڵێکی چالاکانەی هەیە لە پرۆسەکەدا (سعيدة،2020: 7).

لە ڕوانگەی ئەو چەمک و تێگەشتنانەی کە بۆ وانە وتنەوە کراوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێگاکانی وانە وتنەوەی نوێ گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و خوێندکاریش دەکاتە چەقی فێربوون .

گرنگی ستراتیجی خانەکانی فێربوون لە چارەسەرکردنی کێشەی پۆلەکاندا بە ئاستی دەرونی جیاوازی خوێندکارەکانیان ، لە پۆلەکاندا خوێندکاری نایاب و مام ناوەند و ئاست لاوازی تیایە ، مامۆستا هەوڵ دەدات ئاستی خوێندکارەکان بخاتە ناياب ئەمەش لەبەر ئەوەی خوێندکارە سەرکەوتووەکان هەمیشە بە پێی توانای خۆیان بەرەو پێش دەچن لەکاتێکدا خوێندکارە خاوو ئاست لاوازەکان ڕووبەڕوی کێشە دەبنەوە لە تێگەشتن ئەمەش دواکەوتنیان لە خوێندن بۆ هەمیشە زیاد دەکات ، باشترە مامۆستا شێوازی فێربوون لە دوو خانەدا پەیڕەو بکات (ستراتیجی خانەکانی فێربوون )، ئەمەش دەبێتە هۆی پێشکەوتنی هەموو خوێندکاران بە پێی توانا دەرونییەکان و توانای تێگشتنیان هاوکارە بۆ پێدانی دەرفەتی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و فێربونانەی کە لە ناو گروپەکەدا دەردەکەون ،و لە ئەگەری پێشکەوتنی گروپەکە، ئەمەش مانای پێدانی دەرفەتە بە هەموو خوێندکارانی ناو پۆلەکە بۆ ئەوەی باشتر پێشبکەون (حسين،2023: 273).

ستراتیجی (خانەکانی فێربوون) یەکێکە لە ستراتیجەکانی فێربونی کارا و هانی خوێندکاران دەدات بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەکانیان بۆ ووشە و ئازادی ڕادەربڕین و ئاڵوگۆڕی بیرورا و لێک تێگەیشتن لە نێوان یەکتریدا (ابو شقرا ، ٢٠٠٩: ٢٨).

توێژەر گرنگی توێژینەوەکەی بەچەند خاڵێک دەخاتەڕوو لەوانە:

١-توێژینەوەکە سودی دەبێت بۆ مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لەقوتابخانە بنەڕەتیەکانی سەربە حکومەتی هەرێم.

٢-ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەسود دەبێت بۆ وەزارەتی پەروەردە بۆدانانی پرۆگرامی خوێندن .

٣-گرنگی بەکارهێنانی ستراتیجییەکانی فێرکردنی مۆدێرن لەبابەتی مێژوودا لەپەرەپێدانی هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکدا لەوانەش بیرکردنەوەی ئەرێنی.

٤-چاوەڕوان دەکرێت ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە سوود بەو کەسانە بگەیەنێت کەبەرپرسیارن لەدانانی پرۆگرامی بڕیار لێدراوی خوێندن وچالاکیە پەروەردەییەکان لەسەر بنەمای وەرگرتنی ستراتیجی خانەکانی فێربوون.

## 3-1- ئامانجی توێژینەوەکە

١-زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجیەتی خانەکانی فێربوون لەسەر دەستکەوتی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتی مێژوو.

٢-زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجیەتی خانەکانی فێربوون لە ووتنەوی بابەتی مێژوو بۆ خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی.

## 4-1- گریمانەکانی توێژینەوە:

**گریمانەی یەکەم:** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کە بابەت بەپێی ستراتیجی خانەکانی فێربوون وەردەگرن لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بەرێگەی ئاسایی وەردەگرن لە بابەتی مێژوو لە تاقیکردنەوەی پاشینەی دەستکەوتی خوێندن .

**گریمانەی دووەم:** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کە بابەت بەپێی ستراتیجی خانەکانی فێربوون وەردەگرن لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بەرێگەی ئاسایی وەردەگرن لە بابەتی مێژوو لە تاقیکردنەوەی پاشینەی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی.

**گریمانەی سێیەم:** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کە بابەت بەپێی ستراتیجی خانەکانی فێربوون وەردەگرن لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بەرێگەی ئاسایی وەردەگرن لە بابەتی مێژوو لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینەی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی.

## 5-1- سنوری توێژینەوەکە:

١-سنوری مرۆیی: خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ناوەندی شاری دەربەندیخان.

٢- سنوری کاتی: ساڵی خوێندنی 2024 – 2025.

٣- سنوری بابەت: بابەتەکانی مێژوو لە نێو کتێبی کۆمەڵایەتی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی/حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤-سنوری شوێن: پەروەردەی دەربەندیخان/ قوتابخانەی(شەهید نەسرینی بنەڕەتی)لە ناوەندی شاری دەربەندیخان.

## 6-1- پێناسەی زاراوکان (تعريف المصطلحات):

**یەکەم: کاریگەری (اثر) :** هەریەک لەمانەی خوارەوە پێناسەیان کردووە:

- **(الدخيل،2006):** جیاوازی بەڵگەداری ئامارییە لەنێوان نموونەی تاکەکانی کۆمەڵەکان دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پێشی وپاشی (الدخيل،2006: 12).

- **(السعدون،2012):** بڕی ئەو گۆڕانکارییەیە کە ئەگەری هەیە ڕووبدات لە گۆڕاوێکی بەستراودا بەهۆی کاریگەری گۆڕاوێکی سەربەخۆ لەسەری(السعدون،2012: 22).

- **پێناسەی ڕێککاری (کاریگەر):** ئەو گۆڕانکارییە کە بەهۆی ستراتیجی خانەکانی فێربونەوە ڕوودەدا لەنێوان خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەبابەتی مێژوودا.

**دووەم: ستراتیجیەتی وانەوتنەوە :**

- **(يعقوب،2015):** ئەو ستراتیجەیە کە مامۆستا دەیگرێتەبەر لە گەیاندنی ئەو زانیاری و چالاکییانەی کە لە پرۆگرامی خوێندندا هاتووە (يعقوب،2014: 21).
- **(سحتوت،2014):** کۆمەڵیک ڕێوشوێنی فێرکاری پێشوختە لەلایەن مامۆستایان یان دیزاینەری وانەووتنەوە ،کەپلانی بۆدانراوە لەکاتی جێبەجێکردنی فێرکردندا بەکاربهێنرێن بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجە خوازراوەکانی فێرکردن بەکاریگەرترین شێوە و لەبەررۆشنایی تواناکانی بەردەست (سحتوت ،2014: 69).
- **پێناسەی ڕێککاری (ستراتیجیەتی وانەوتنەوە):** ئەو پلانەیە کە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژرا و لەلایەن مامۆستاوە دادەنرێت و ڕێگا و تەکنیکە نوێیەکان لەخۆ دەگرێت و بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وانە ووتنەوە لەبابەتی مێژوو.

**سێیەم: ستراتیجی خانەکانی فێربوون :**

- **(الكعبي،2017):** ئەو فێربونەیە کە لەنێوان دوو کەسدا ڕودەدات کە ڕووبەڕوو کاردەکەن بە جۆرێک هەریەکەیان هەست دەکەن وەک ئەندامێکی گروپەکە هەوڵ دەدەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە بۆیان دیاریکراوە (الكعبي،2017: 314).

- **(Herring.2007):** ئەزموونێکی بەشداریکردنە لەنێوان خوێندکاراندا، و ئامانجی سەرەکی گواستنەوەی ئەزموونی پەروەردەییە لەخوێندکارێکەوە بۆخوێندکارێکی دیکە لە ڕێگەی سەردانی هاوبەش، پرۆسەی ڕێنمایی وفیدباک،چاودێریکردنی مامۆستا .(Herrning,2007:82-87))

- **پێناسەی ڕێککاری (ستراتیجی خانەکانی فێربوون):** ئەو هەنگاوانەن کەپەیرەو دەکرێن لەفێرکردنی ئەو بابەتانەی کە دەبێت فێری خوێند کارەکانی بژاردەی تویژینەوەکە(گروپی ئەزمونی) بکرێت لەسەربنەمای ڕێکخستنی خوێندکاران بەشێوەی جوت و دژ یەک ، پاشان ڕۆڵپێدانیان وەک پرسیارکردن و وەڵامدانەوەی پرسیار ، لەنێوان خوێندکاران، و ئەنجامە ئەرێنییەکانیشی لێدەکەوێتەوە .

**چوارەم: دەستکەوت (التحصيل):**

- **(ابو دية، 2011):** کۆی ئەو کارامەیی و زانین و هەڵوێست و بەهایانەیە کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا خوێندکار بەدەستیهێناون بە بەراورد لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کارامەیی و زانین و هەڵوێست و بەهایانەی پێویستە بەدەستیان بهێنێت(ابو دية، 2011: 244).
- **(عبدالسميع، 2016):** بریتییە لەو بڕە زانیاری و زانستەی کە خوێندکار دەستی دەکەوێت لە وانەیەکی دیاریکراو ، وە ئەم دەستکەوتەش دەردەبڕدرێت بە تاقیکردنەوە ئامادەکراوەکان کە دەناسرێتەوە بە ڕاستگۆی و جێگیری و بابەتی (عبدالسميع، 2016: 5).
- **پێناسەی ڕێککاری (دەستکەوت):** بریتییە لە تێکڕای نمرەی خوێندکارانی گروپی توێژینەوە کە بەدەستیان هێناوە لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/ مێژوو پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، کە لە لایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بۆ ئەم توێژینەوەیە.

**پێنجەم: بیرکردنەوەی ئەرێنی**

- **(حيجازى ،2012):** توانای مەعریفییە بۆ مامەڵکردنی کاریگەرانە لەگەڵ پرس و کێشەکانی ژیان و زاڵبوون بەسەر تاقیکردنەوەو تەنگانەکانیدا (حيجازى،2012: 84).
- **(منشد،2013):** توانای هۆشیاری تاکە بۆ بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ئەرێنی و کاریگەرو گەشبینیانە لەمامەڵکردن لەگەڵ کێشەکانی ژیان و زاڵبوون بەسەریاندا بەشێوەیەک کە تاک هەست بە رازیبوون بکات و خۆقبوڵکردنی ئەرێنی هەبێت(منشد،2013: 11).
- **پێناسەی ڕێککاری (بیرکردنەوەی ئەرینی):** چالاکیەکی مەعریفی جیاوازە کە تیایدا بیرکردنەوەی مەعریفی ئاراستە دەکرێت و ڕێکدەخرێت و ئاگاداری هەنگاوەکانی دەبێت بە واتای بیرکردنە لە کێشەکان و کۆکردنەوەی دۆخەکە بۆ کۆمەڵێک توخم لە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

## بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو

### 2-1-1- تیۆریی بونیادگەرایی

یەکێکە لەو ڕەوتانەی لەم دواییانەدا بەربڵاوەو بوەتە جێگەی سەرنجی بیری پەروەردەیی، وبە تیۆرێکی نوێ دادەنرێت لە فێربوندا لە پێناو تێگەشتن و وەرگرتنی فێرخوازدا، واتە وانە وتنەوە لەسەر بنەمای فێربوونی چالاک و باش دامەزراوە ، مامۆستا ڕێبەرو سەرکردەی پرۆسەکانی فێربونە کە کاریگەرترە، و چۆن پرۆسەی پەروەردە دەتوانێت ڕێکخستنەکان ئاراستە بکات کە دۆخی پۆل کاریگەر بێت، تیۆری بنیادگەرایی بەیەکێک لە فەلسەفە مۆدێرنەکان دادەنرێت و چەند مۆدێلێکی هەیە فێربوونی چالاک یەکێکە لەو مۆدێلانەو شێوازەکانی فێربوون پرۆسەیەکی چالاکە لەسەر بنەمای ئەو هەوڵە دەرونیەی فێرخواز بۆ بەدەستهێنانی زانست لەسەر خۆی دەیکات، چونکە پرۆسەی چالاک ئەرکی خوێندکارە نەک مامۆستا ،(عباس واخرون،2020: 259)، هەروەکە لە (على ، 2011: 70، عوبيد ، 2004: 133-134، الاعسر، 2007: 20) تیۆری بونیادگەرایی بەو مانایەیە کە خوێندکار لە ڕێگەی کارلێکی خۆی لە دۆخی پەروەردەیی لەگەڵ ناوەڕۆکی ماددەی پەروەردەیی زانستی خۆی بنیات دەنێت، پاشان پێداچونەوە بەو شتانە دەکات کە فێری بووە ، ئەزمونە نوێیەکان بە ئەزمونەکانی پێشوەوە دەبەستێتەوەو ڕونکردنەوە دەدات لەسەر بنەمای مانا نوێیەکان بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا زانیاری نوێ دروست بکەن کە خوێندکار پشتڕاستی دەکاتەوە ، بەم پێیە بونیادگەرایی پێویستی بە خوێندکار هەیە کە ئەزمونی نوێ لەڕێگەی فێربوونی چالاک و کاریگەرەوە بنیات بنێت، پاشان تێکەڵیان بکات لەگەڵ ئەزمونەکانی پێشویدا تا فێربونی مانادار دروست دەبێت.

تیۆری بونیادگەرایی ئەو شێوازەیە کە خوێندکار پرۆسەی زانیاری لە دۆخە زانەکییەکانی ژیاندا بەدەست دەهێنێت و چارەسەری دەکات و پەرەی پێدەدات و بەکاری دەهێنێت (Airsian,1997:444-449).

### چەمکی ستراتیجی خانەکانی فێربوون

لەسەر بنەمای پێکهێنانی جوتە خوێندکار دامەزراوە ، وپاشان هەر دوان لە خوێندکارەکان بە تاک یان کۆمەڵ پرسیار سەبارەت بەبابەتی وانەکە یان یەکەی خوێندنەکە دەخەنە ڕوو دواتر پرسیارەکان دەکرێن بەشێوەیەکی بەرامبەرکێ لەنێوان خوێندکارانی ناو گروپە دوانیەکەو وەڵامی یەکتر دەدەنەوە ، ئامانجی ستراتیجەکەش بریتیە لە پەرەپێدانی لێهاتوویی کاری دولایەنە لەنێوان فێرخوازاندا، ئەمە جگە لەتوانای ئامادەکردنی پرسیارەکان و کاتی جێبەجێ کردنی ستراتیجەکە لەسەرەتای وانەدا بێ یان لەماوەی خوێندنەکەدا یان لە کۆتایی وانەکەدا

، یان لەکۆتایی بەند و بەش بێت دەگونجێت و لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە، وە خوێندکار پێویستی بەکاتی جێبەجێکردنی ستراتیجەکە تەنها تیانوسە کە خوێنکارەکە پرسیار و وەڵامی تیا دەنوسێت (امبوسعیدی وهدی،2016: 134).

لەم ستراتیجەدا دوو فێرخواز گروپێکی بچوک پێکدەهێنن ڕۆڵەکان دابەش ناکرێن، پرسیارەکەیان چالاکیەکی پێویستە کە دەخرێتە ڕوو، و هەردو خوێندکارەکە پێکەوە بیر دەکەنەوە بۆ ئەوەی بگەنە یەک ئەنجام و بەشێوەیەک ڕێک دەکەون کە نوێنەرایەتی بیرکردنەوەکانیان بکات، و دواتر دەخرێتە بەردەم باقی گروپەکانی تر و گفت و گۆی لەسەر دەکرێت ، لەو ماوەیەدا مامۆستا لەناو پۆلەکەدا دەجوڵێت بۆ ئەوەی پاڵپشتی فێرخوازەکان بکات لەڕووی وەڵامدانەوەی خوێندکارەکانەوە ، ئەمەش بۆ ئەوەی هاوکاری پێشکەش بەو فێرخوازانە بکات کە پێویستیان پێیەتی بەبێ دابینکردنی زانیاری کە یارمەتی خوێندکار دەدات بۆ وەڵامدانەوەی خولەکە تەنها لە ڕێنمایی و ڕاوێژکاری دا سنوردارە (الزایدی،2009: 56).

ئەم ستراتیجە یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ فێربوون، و کاریگەری لەسەر هاوپۆلەکانیان هەیە تارادەیەکی زیاتر لەمامۆستا لەبوارەکانی خوێندن و ڕەفتاردا بەکارامەییەکی بەرز دادەنرێت ، لەبنیاتنانیدا لەلایەن مامۆستایانەوە بۆ گەشتن بەئامانجە کۆمەڵایەتی و سۆزداریەکان ، ئەم ستراتیجە جۆرێکە لە فێربوونی بەشداری کردن کە تیایدا خوێندکاران لەهەمان تەمەندا ، لەگەڵ پەروەردەیەک بۆ هەریەکەیان ، فێربوونی هاوبەشی ئەنجام دەدەن (الدیب ،2006: 303-304).

شێوازی وانە ووتنەوە بەبەکارهێنانی خانەکانی فێربوون و بەئامادەکردنی مامۆستایەک بۆ هەر خوێندکارێک ، ئەمەش لەڕێگەی پێکهێنانی گروپی دوانیوە ئەنجام دەدرێت ، دواتر ڕۆڵەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن ، لێرەدا ڕۆڵی مامۆستا بریتییە لە دەرکردنی هەموو بڕیارەکانی پلاندانان جگە لە چاودێری کردنی خوێندکاران ، ستراتیجی خانەکانی فێربوون لەسەر بنەمای پەروەردەکردنی خوێندکار بۆ هاوتەمەنەکەی کە پێویستی بە یارمەتی هەیە ، و بەم شێوەیە تاک دەرفەتی باشترە بۆ فێربوون ، بەگوێرەی خوێندکار و بلیمەتی لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی ئەنجامی دەدات، چونکە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هاوتەمەن بۆ ئاستی دەستکەوتی هاوتەمەنەکەی دەگونجێت(الرحاوی،2006: 19-20).

## گرنگی ستراتیجی خانەکانی فێربوون

١-متمانە بەخۆ بوون بە خوێندکاران دەبەخشێت .

٢- دەرفەت بۆ خوێندکار دەرەخسێنێت کە پرسیار لە هاوتەمەنەکانی بکات، بە پێچەوانەی پرسیاری مامۆستا کە خوێندکار هەندێک جار دودڵ دەبێت بەهۆکاری پەیوەست بە ترسی خوێندکار لە مامۆستاو بێتوانایی لە دارشتنی پرسیارەکە، یان نەبونی کاتی گونجاو بۆ ئەوەی پرسیار بکات .

٣-دەرفەت بۆ مامۆستا دەرەخسێنێت تا ئاستی خوێندکارانی کەم دەستکەوت بەرز بکاتەوە بە کارکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵیان .

٤-هاوکاری و متمانە لە نێوان مامۆستا و خوێندکارەکانی زیاد دەکات ئەمەش وادەکات خوێندکار زیاتر کارلێک بکات لەگەڵ مامۆستاکەی (عبدالسلام ،2021:157-158).

٥-بەدەستهێنانی لایەنی ئەرێنی لەڕێگەی کارلێک و پەیوەندی زانستیە لە نێو خوێندکاراندا .

٦-دەرفەت دەدات بە خوێندکاران بۆ گفتو گۆکردن ، ئاڵوگۆڕی بیرۆکە ، ئاڵوگۆڕی یارمەتی، بەرزکردنەوەی پەیوەندی کەسی لەگەڵ یەکتر.

٧-ستراتیجی خانەکانی فێربوون کەشێکی تێگێشتن دابین دەکات کاتێک خوێندکاران لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ دەکەن.

٨-ئەم ستراتیجە کاردەکات بۆ دابین کردنی ژینگەیەکی تەندروست و پڕ لە چالاکی کە هاندەری فێربوونی کاریگەرە.

٩-ستراتیجی خانەکانی فێربوون یارمەتی خوێندکاران دەدات بە چەندین شێوەو هەمە چەشن بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی ڕوبەڕویان دەبێتەوە.

١٠-دەرفەت دەدات بە خوێندکاران بۆئەوەی بیرۆکەکانیان بنوسن و جیبەجێی بکەن، بۆ ئەوەی مامۆستا پێشکەوتنیان لە فێربوون و تێگەشتن بزانێت.

١١- ستراتیجی خانەکانی فێربوون ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە تێگەیشتن لە بۆچونی کەسانی دیکە وتوانای قایلکردنیان زیاد دەکات(الجنابی،2024:139-140).

## چەمکی بیرکردنەوەی ئەرێنی (التفكير الإيجابي)

بیرکردنەوەی ئەرێنی کاریگەرترین ئامرازە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و ئاڵنگارییەکانی ژیاندا ، ئاستەنگ و سەختی و نەرێنییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە بە کردەوە چارەسەر ناکرێن تەنها لە ڕێگەی بیرکردنەوەی ئەرێنییەوە نەبێت کە بەتەنیا ڕێگەی دەربازبون دەرەخسێنێت و لە ئەگەرەکانی چارەسەر دەکۆڵێتەوە، بۆیە بیرکردنەوەی ئەرێنی تەنیا ڕێبازێکی سیستماتیک نییە، بەڵکو ڕێبازێکە کە وزەکان کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەربکات (حیجازی، 2005: 329)، بیرکردنەوەی ئەرێنی پەیوەندی بە پاراستنی هاوسەنگییەکی دروستەوە هەیە سەبارەت بە هەست کردن و تێگەشتن لە کێشەکان لە فۆرم و جۆرە جیاوەزەکانیدا، و لەهەر بارودۆخێکدا سەرنج بدەنە سەر بابەتە ئەرێنیەکان لە بری بابەتە نەرێنیەکان ، ئەمەش واتە کە تاک باوەڕی بە خۆی و ئەوانی تر باشتر دەکات و شێوازێکی ژیان و تەواوترین شێوازی خۆی بگرێتە بەر(عثمان،2017:30)، بیرکردنەوەی ئەرێنی وا لە تاک دەکات متمانەی بەخۆی هەبێت ، هەروەها گۆڕانکاری و مەترسی گرتنە بەری لە پێناو سەرکەوتن و نایابی و دەسکەوتەکانی خۆشدەوێت، بۆیە تاکی خاوەن بیرکردنەوەی ئەرێنی ئەو ئامانجانە دەزانێت و کە دەیەوێت و پلانی جێبەجیکردنیان و هەموو چاوەڕوانیەکانی دادەنێت و توانای بڕیار دان و فێربوونی دروستی هەیە(yale&mertin:2000).

تاکی خاوەن بیرکردنەوەی ئەرێنی بە ئارەزووی فێربوونی زانیاری نوێ بەبەکارهێنانی شێوازی داهێنەرانەو نوێ دەناسرێتەوەو زمانێکی نەرم و نیان بەکاردەهێنێت کە دەتوانرێت و وەر بگیرێت ، هەروەها توانای ئەنجامدانی گفتوگۆی مانادار و زانستی بەسودی هەیە، مرۆڤی بیرمەندی ئەرێنی بەبەرزی و وردبینی تایبەتمەندە، بەو پێیەی تێبینی دەکات کە قسەو کردارەکانی لۆژیکین و لەکاتی پێویستدا دەستکاری وگۆڕانکاریان لەگەڵدا دەکرێت، و هەروەها بەتوانای باڵای هەڵبژاردنی وشەیەک کە ئازاری کەس نادات ، و ڕەخنەکانیشی بنیاتنەر و بەسودە، وەک چۆن بەبیری ڕۆشنگەرانە و توانای دەربڕینی بۆچونێکی هەیە لەکاتێکدا ڕێز لە بۆچونەکەی تر دەگرێت، تا دەتوانێ هەوڵ دەدات تیڕوانینێکی سروشتی و واقیعیانە بدات سەبارەت بەخۆی(غانم،2005:85-138)، هەموو مرۆڤێک دەتوانێت بیرکەدنەوەی ئەرێنی پراکتیزە بکات، بەڵام پێویست و پەیوەستە بە پێداگری و چاودێریکردنی ئەو دەستەواژانەی کە گفتوگۆ لەگەڵ خۆیدا پێک دەهێنن هەرکاتێک تێبینیکرد کە وشە یان ڕستەی نەرێنی بەکار دەهێنێت، بە خێرایی دەیانگۆڕێت بۆ ووشەو ڕستەی ئەرێنی و کاتێک دەیەوێت کارێک بکات دەست دەکات بەبەکارهێنانی ووشەی ئەرێنی و وێنەی دەروونی دەخاتە بەرچاو کە ئەگەری بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە بەنیازە بیکات پشتڕاست دەکاتەوە(محمد،2023: 252).

## چەمکی دەست کەوت (التحصيل)

دەستکەوتی خوێندن یەکێکە لە ئامانجە گرنگەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن کە هەمیشە دامەزراوە پەروەردەییەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن، چونکە بەهۆی دەستکەوتی خوێندنەوە هەریەکە لە مامۆستاو قوتابی بەرهەم و پێشکەوتنی خۆی دەزانێت (جبر و أخرون، ٢٠١٨: ٤٩).

کاتێک باسی دەستکەوتی خوێندن دەکرێت مەبەست لەوەیە تا چەند خوێندکار لەوە تێبگات کە لەئەزموونە تایبەتەکان لە بابەتێکی خوێندنی دیاریکراودا فێری بووەو بەکۆی ئەو نمرەیە دەپێورێت کە خوێندکار لەتاقیکردنەوە ئاساییەکانی قوتابخانەدا بەدەستی هێناوە لەکۆتایی ساڵی خوێندن یان تاقیکردنەوە بابەتییەکان (الدردير،2004: 39)، دەستکەوت لێهاتوییە لەکاری قوتابخانەدا کە لەلایەن مامۆستاوە بەتاقیکردنەوەی دیاریکراو دەپێورێت و ئەو پێوەرەش کە پشتی پێ دەبەسترێت بۆ دیاری کردنی ئاستی دەستکەوتی خوێندن کۆی نمرەکانە کە خوێندکار لە کۆتایی وەرزێک یان تەواوی وەرزەکە بەدەستی دەهێنێت(بولعراس وحسين،2022: 13).

گرنگیدان بە پرسی دەستکەوتی خوێندن بوە بەیەکێک لە پرسە یەکەمینەکان پێوانەکردنی ڕادەی توانای خوێندکارە بۆ تێگەشتن لە بابەتەکانی خوێندن کە لە پرۆگرامدا دیاریکراوە بەپێی ئەو ئاستەی کە تێیدا دەخوێنرێت، ڕادەی توانای جێبەجێکردنی ئەوەی فێری بووە لە قۆناغێکی خوێندنی تایبەت لەڕێگەی ئامرازەکانی پێوانەکردنەوە کە مامۆستا بەکاری دەهێنێت، جا لەڕێگەی چاودێری زارەکی بەردەوام بێت یان نوسراو، یان لە ڕێگەی ئەرکەکان یان تاقیکردنەوەکانی وەرزەوە، ئەم پێوانەیەش ئەو تاقیکردنەوە فەرمیانە دەگرێتەوە کە خوێندکاران لەکۆتایی خوێندندا ئەنجامی دەدەن، وەک بڕوانامەی سەرەتایی ، بڕوانامەی خوێندنی ناوەندی یان بەکالۆریۆس(ميلود،2020: 108)، هەر سەبارەت بە چەمکی دەستکەوت بە واتای توانای جێبەجێکردنی مەرجەکانی سەرکەوتنی قوتابخانە بەکاردێت، جا چ بەمانای گشتی یان تایبەتی دەستکەوت بۆ بابەتێکی خوێندنی دیاریکراو (تونسية،2012: 101).

## توێژینەوەکانی پێشوو : ئەو توێژینەوانەی باس لە گۆڕاوی دەستکەوت دەکەن

| ژ | توێژەر ساڵ شوێن | ئامانجی توێژینەوە | ژمارەی نمونە | ئامرازی توێژینەوە | ئامرازە ئاماریەکان | ئەنجام و دەرئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | hall ٢٠٠٢ بەریتانیا | زانینی کاریگەری هەمەجۆری هەندێک ستراتیجی فێربوونی چالاک لەسەر بەدەستهێنانی هەندێک چەمکی بایۆلۆژی و | ٦٤ خوێندکار | بریتیبوو لە تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکانی پێوەری خۆ بەگەورە زانین | بەکارهێنانی هاوکۆلکەی جیاکاری و هاوکۆلکەی گرانی، بەرنامەی ئاماری (SPSS) | ئەنجامەکان دەریان خست کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە دەستکەوتی خوێندن وچەمکی بایۆلۆژیدا لە نێوان گروپەکاندا لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونیدا |
| 2 | `صبری ٢٠١٣ | زانینی بەکارهێنانی ستراتیجی خانەکانی فێربوون | ١٥ خوێندکار | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | بەکارهێنانی کیودر ریتشارد سون بۆ جێگیری و | بەکارهێنانی ستراتیجی خانەکانی فێربون کاریگەری |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | عێراق | لەسەر دەسکەوتی قوتابیانی پۆلی سێیەمی پەروەردەی تایبەت لە بابەتی خوێندنەوە | | لەجۆری تاقیکردنەوەی فرەیی بۆ پێوانی دەستکەوت | تاقیکردنەوەی مان-وتنی | هەبووە لە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوت لای خوێندکارانی ئەزموونی بەراورد بە گرووپی کۆنترۆڵکراو |

**ئەو توێژینەوانەی کە باس لە گۆڕاوی بیرکردنەوەی ئەرێنی دەکەن**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | المزيني ٢٠١٣ ئوردن | ئاشکراکردنی کاریگەری بەرنامەی ڕاهێنان لە بنیاتی بیرکردنەوەی ئەرێنی و بڕوا بە خۆبوون لای خوێندکاران | ١٠٠ خوێندکار | دیاریکردنی کاریگەری بەرنامەی ڕاهێنان لەسەر خۆ بەگەورە زانین لی کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لەرێگای پێوانی پێشی و پاشی | شیکردنەوەی (ANKOVA) بۆ دوانی هاوبەش (MANKOVA) بەکارهێناوە بۆ پێوانی تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی | ئەنجامەکان دەریانخست کە جیاوازی ئاماری بەرچاو هەیە لە ئاستی (0.05)لە خۆبەگەورەزانین و بیرکردنەوەی ئەرێنییان لە نێوان گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوا لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیدا |
| 2 | عیساوی ٢٠١٥ عێراق | ناسینی کاریگەری فێرکردنی تواناکانی بیرکردنەوەی تەوەری و لێپرسینەوەی ئەقڵانی لەسەر دەستکەوتەکانی زیندەزانی وبیرکردنەوەی ئەرێنی لای خوێندکارانی پۆلی سێیمی ناوەندی | ١٠٤ خوێندکار | تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێنی | شیکردنەوەی و جیاوازی هاوکۆلکەی پێرسۆن و تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ | ئەنجامەکان دەریانخست جیاوازی ئاماری بەرچاو هەیە لە نێوان گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا لەبیرکردنەوەی ئەرێنییان لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونیدا |

## بەشی سێیەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە (اجراءات البحث)

### 3-1-میتۆدی توێژینەوەکە (منهجية البحث)

توێژەر میتۆدی نیمچە ئەزموونی بەکارهێناوە لەبەر گونجاوی ئەم میتۆدە لەگەڵ ئامانج و تاقیکردنەوەو گریمانەکانی توێژینەوەکەدا.

### 3-2- دیزاینی تویژینەوەکە (التصميم البحث)

توێژەر لە توێژینەوەکەدا پشتی بەو دیزاینە بەست کە پێی دەوترێت دیزاینی نیمچە ئەزموونی گرووپی هاوسەنگ کراو بە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی (فاندالين،2007: 303-304)، کە لە دوو گروپ پێکدێت گرووپی ئەزمونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو، گرووپی ئەزموونی بەپێی ستراتیجیەتی خانەکانی فێربوون بابەت وەردەگرن و گرووپی کۆنترۆڵکراویش بەرێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە، بەتاقیکردنەوەی پێشی و پاشینە بۆ گۆڕاوی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی و تاقیکردنەوەی پاشینە بۆ گۆڕاوی دەستکەوتی خوێندن. خشتەی ژمارە (1)

**خشتەی (١) دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە**

| گرووپ | تاقیکردنەوەی پێشی | ڕێگای وانەگوتنەوە | تاقیکردنەوەی پاشی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | بیرکردنەوەی ئەرێنی | خانەکانی فێربوون | بیرکردنەوەی ئەرێنی |
| کۆنترۆڵکراو | | ڕێگای ئاسایی | |

## 3-3- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (مجتمع البحث)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە گەورەترین کۆمەڵە کە گریمانە دەکرێت تا ئەنجامی توێژینەوەکەی لەسەر گشتاندن بکرێت(المنیزل و غرایبە،2006: 18) .

سەبارەت بەکۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ناوەندی شاری دەربەندیخان لەسنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دەربەندیخان پێکهاتووە لە (13)قوتابخانەی بنەڕەتی کە پۆلی هەشتیان هەیە و ژمارەی خوێندکاران بەگشتی دەگاتە (934) خوێندکارانی کوڕ (487)، خوێندکارانی کچ (447) بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2025).

## 4-3-نموونەی توێژینەوەکە (عینة البحث)

نموونەی توێژینەوە هەموو تاکی ئەو دیاردەیە کە توێژەر لێی دەکۆڵێتەوە (ملحم،2005: 149)یاخود کۆمەڵێکی لاوەکی کۆمەڵگەیە کە تایبەتمەندی هاوبەشی هەیە، کە ئامانجی گشتاندنە بۆ ئەو دەرئەنجامانەی کە لێوەی وەرگیراون بۆکۆمەڵگەیەکی گەورەتر (البدری،2014:78)، بژاردەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە دوو بەش:

## 1-4-3-بژاردەی قوتابخانە (عینة المدرسة)

دەستنیشانکردنی نموونەی ئەم توێژینەوەیە لەدوای ناردنی نوسراو لەراگرایەتی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی گەرمیان بۆ بەڕیوەبەرێتی پەروەردەی دەربەندیخان،پاشکۆی ژمارە (3) دواتر نوسراوی ڕیگەپێدانی ئاراستەی قوتابخانەکە کرا.

توێژەر بەمەبەست قوتابخانەی (شەهید نەسرین)ی بنەڕەتی هەڵبژارد تاکو ببێتە نموونەی توێژینەوەکە،ئەمەش لەبەر ئەم هۆیانە:

١-بەڕێوبەر و ستافی قوتابخانەو مامۆستای بابەتی کۆمەڵایەتی ئامادەییان هەبوو و هاوکاریشیان نیشاندا.

٢-ژینگەی قوتابخانە کە گونجاو بوو لەڕووی (باڵەخانە، ژمارەی پۆل،خوێندکاری پێویست،هۆڵی تایبەت بۆ وانەوتنەوە).

٣-نزیکی قوتابخانەکە لەشوێنی نیشتەجێبوونی توێژەرەوە.

٤-توێژەر بۆ ماوەی نۆ ساڵ مامۆستا بووە لەم قوتابخانەیە.

## 2-4-3 - بژاردەی خوێندکاری توێژینەوەکە (عینة طلبة البحث)

دوای سەردانیکردنی توێژەر بۆ قوتابخانەکە بۆی دەرکەوت کە خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی پێکهاتبوون لە چوار پۆلی(ا،ب،ج،د) توێژەر بەشێویەکی هەڕەمەکی سادە دوو گروپی هەڵبژارد لە ئەنجامدا گروپی (ج) بو بە گروپی ئەزموونی کە ژمارەیان (26)خوێندکار بوو وە گروپی (د) بو بە گروپی کۆنترۆڵکراو کە ژمارەیان(26)خوێندکار بووە، خوێندکارانی هەردوو گروپ (52)خوێندکار بوون (8)خوێندکار لەهەردوو گروپ دورخرانەوە بەهۆی دەرنەچونیان هۆکاری دورخستنەوەشیان ئەوە بوو لەڕوی دەرونی و ژیرییەوە زیاتر گەشە دەکەن، خشتەی(2)

**خشتەی (2) گروپ وژمارەی خوێندکارانی بژاردەی توێژینەوەکە**

| گروپ | گروپ | ڕێگای وانەوتنەوە | ژ.خوێندکار | ژ.خوێندکاری دورخراوە | ژ.کۆتایی خوێندکاران |
|---|---|---|---|---|---|
| ج | ئەزموونی | خانەکانی فێربوون | 26 | 4 | 22 |
| د | کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | 26 | 4 | 22 |
| کۆی گشتی | | | 52 | 8 | 44 |

## 5-3- هاوسەنگی هەردوو گروپی توێژینەوەکە

هاوسەنگی نێوان کۆمەڵەکانی توێژینەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەی ئەزموونی ،چونکە توێژینەوە ئەزمونییەکان دەکەونە بەرکۆمەڵێک گۆڕردراو و هۆکار کەلەوانەیە کاربکەنە سەر ئەنجامی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکە، بۆیە توێژەر بە پێویستی زانی ئەو گۆڕاوانە کۆنترۆڵبکات، تاکو دەرفەت بۆ کاریگەری گۆڕدراوی سەربەخۆ برەخسێت لە دەرکەوتنی لە گۆڕاوی پاشکۆدا (حمد سعید،2014: 38).

## 1-5-3- تەمەنی خوێندکاران (العمر الزمنی للطلبة)

توێژەر تەمەنی خوێندکارانی لە ڕێگەی تۆماری تایبەت لە سیستەمی(E Parwarda)ی قوتابخانە وەرگرت سەرەڕای دابەشکردنی فۆڕمی تایبەت بەسەر خوێندکاراندا بۆوەرگرتنی ڕێکەوتی ڕۆژ و مانگ وساڵی تەمەنیان بەمانگ تاریکەوتی 2024\11\1 پاشکۆی (4 ،5 )، پاش وەرگرتنی داتاکان، توێژەر ناوەندی ژمێری و لادانی پێوانەی دەرهێنا خشتەی(3)، بۆدەرهێنانی هاوسەنگی لەنێوان گروپەکاندا توێژەر لەڕێگەی تاقیکردنەوەی شیکردنەوەی (تائی)وە داتاکانی شیکردەوە بەمەبەستی زانینی جیاوازی ماناداری ئاماری لەنێوان هەردووگروپی ئەزموونی وکۆنترۆڵکراودا خشتەی (3)

**خشتەی (3) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری تەمەنی فێرخوازانی هەردوو گروپ**

| | | | بەهای تائی | بەڵگەداری لە |
|---|---|---|---|---|

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | هەژمارکراو | خشتەیی | ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ١٦٠,٣٦٤ | ٣,٩٧١ | ٠,٦٩٣ | ٢/٠١٨ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ١٥٩,٠٩١ | ٧,٦٤٦ | | | |

لە خشتەی(3)دەردەکەوێت کەبەهای(تائی) هەژمارکراو(0.693)کەمترە لەبەهای خشتەی (2.018)لە ئاستی بەڵگەداری (0.05)، ئەمەش ئەوەیە لەم گۆڕاوەدا جیاوازی ماناداری ئاماری لەنێوان گروپەکانی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراودا نیە.

## 3-5-2- تاقیکردنەوەی زانیاری پێشوو (اختبار المعلومات السابقة)

توێژەر تاقیکردنەوەیەکی بەسەرخوێندکارانی هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراودا جێبەجێکرد لەبابەتە کۆمەڵایەتیەکان/مێژوو، لە (سێ) پرسیار لەجۆری ڕاست و هەڵە، بۆشای، هەڵبژاردن، لەپاش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە دواتر هەڵەچنی پرسیارەکان کرا بەپێی کلیلی پشکنین، توێژەر ناوەندی ژمێری و لادانی پێوانەیی خوێندکارانی هەردوو گروپەکەی دەرهێنا خشتەی(4)، بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی لەنێوان گروپەکاندا توێژەر لەرێگەی تاقیکردنەوەی شیکردنەوەی (تائی) داتاکانی شیکردەوە بەمەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان هەردو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا، خشتەی(4).

**خشتەی(٤) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری پێشینەی زانیاری فێرخوازانی هەردوو گروپ**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | بەڵگەداری لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ١٦,٥٠٠ | ٢,٦٣٢ | ٠,٢٢٣ | ٢/٠١٨ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ١٦,٦٢ | ٢,٧٨٤ | | | |

لە خشتەی (4) دەردەکەوێت بەهای(تائی) هەژمارکراو (0.223) کەمترە لەبەهای خشتەی (2.018) لەئاستی بەڵگەداری (0.05)ئەمەش مانای ئەوەیە لەم گۆڕاوەدا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گروپەکانی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا نیە.

## 3-5-3- تاقیکردنەوەی پێشی بۆ گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی (اختبار القبلی للتفکیر الإیجابي)

توێژەر دوای ئەوەی پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێنی بەشێوەی کۆتایی خۆی ئامادەکرد بەسەر خوێندکارانی هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراودا جێبەجێکرد پاشکۆی(٨) پاشان ناوەندە ژمێری و لادانی پێوانەیی بۆ هەردوو گروپ دەرهێنا خشتەی(5)، بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی لەنێوان گروپەکاندا توێژەر لە رێگەی تاقیکردنەوەی شیکردنەوەی(تائی) داتاکانی شیکردەوە بەمەبەستی زانینی جیاوازی ماناداری ئاماری لەنێوان گروپی ئەزمونی و گروپی کۆنترۆڵکراودا خشتەی(5)

**خشتەی (5) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەنمرەی پێشی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی فێرخوازانی هەردوو گروپ**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | بەڵگەداری لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ١٢٨,٦٨٢ | ٩,٩١٦ | ٠,٠٢٧ | ٢/٠١٨ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ١٢٨,٧٧٣ | ١٢,٢٩٤ | | | |

لەخشتەی (5) دەردەکەوێت کە بەهای (تائی) هەژمارکراو (0.027) کەمترە لە بەهای خشتەی (2.018) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش مانای ئەوەیە لەم گۆڕاوەدا جیاوازی ماناداری ئاماری لەنێوان گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا نییە.

## 3-5-4- نمرەی ساڵی ڕابردوویان لە بابەتی کۆمەڵایەتی

توێژەر نمرەی خوێندکارانی ساڵی ڕابردووی هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراوی لە تۆماری قوتابخانە وەرگرت پاشکۆی(9) ساڵی (2023-2024) پاشان ناوەندە ژمێری هەردوو گروپی دەرهێنا خشتەی (6)، بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی لەنێوان گروپەکاندا توێژەر لەرێگەی تاقیکردنەوەی شیکردنەوەی (تائی)وە داتاکانی شیکردەوە
بەمەبەستی زانینی جیاوازی ماناداری ئاماری لەنێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا خشتەی (6).

**خشتەی (6) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری نمرەی ساڵی پێشووی فێرخوازانی هەردوو گروپ**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای تائ | | بەڵگەداری لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٧٠,١٦٢ | ١٤,٤٠١ | ٠,١٠٧ | ٢/٠١٨ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٦٩,٦٢ | ١٦,٦٠٦ | | | |

لەخشتەی (6) دەردەکەوێت کەبەهای (تائ) هەژمارکراو (0.107)کەمترە لەبەهای خشتەیی (2.018) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش مانای ئەوەیە لەم گۆڕاوەدا جیاوازی مانادارى ئاماری لە نێوان گروپەکانی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراودا نییە.

### 3-5-5- زیرەکی(الذكاء)

توێژەر پشتی بەتاقیکردنەوەی (جۆن ڕافن) بەستوە بۆ دیاریکردنی زیرەکی، کە بۆ ژینگەی عێراق گونجاوە ئەم تاقیکردنەوەیە دابەش بووە بەسەر (5) گروپ دا (A,B,C,D,E) هەر گروپێک (12) برگەیە، تاقیکردنەوەکە لەیەک کاتدا بەسەر هەردوو گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراودا لەڕێگای بەکارهێنانی داتاشۆوە ئەنجامدا، کاتی تەرخانکراویش بۆ تاقیکردنەوەکە (60) خولەک بوو دواتر هەڵەچنی پرسیارەکان کرا بەپێی کلیلی پشکنین، خوێندکار بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست ( 1) نمرە وەردەگرێت و بۆ یەک وەڵامی هەڵە (سفر)، پاش وەرگرتنی داتاکان توێژەر ناوەندی ژمێری بۆ هەر خوێندکارێک دەرهێنا خشتەی (7)، بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی لە نێوان گروپەکاندا توێژەر لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (تائ) داتاکانی شیکردەوە، بەمەبەستی زانینی جیاوازی مانادارى ئاماری لە نێوان هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا خشتەی (7).

**خشتەی (7) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائ بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری فێرخوازانی هەردوو گروپ لە زیرەکی دا**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای تائ | | بەڵگەداری لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٧,٤٤٥ | ٧,١٧٦ | ٠,٤٥٩ | ٢/٠١٨ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٣٨,٣٦٤ | ٥,٨٩٢ | | | |

لە خشتەی (7) دەردەکەوێت کە بەهای (تائ) هەژمارکراو (0.459) کەمترە لە بەهای خشتەیی (2.018) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش مانای ئەوەیە لەم گۆڕاوەدا جیاوازی مانادارى ئاماری لەنێوان گروپەکانی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراودا نییە.

### 3-5-6- ئاستی خوێندنی دایکان و باوکانی خوێندکار

مەبەست لە ئاستی خوێندەواری باوکان و دایکانی خوێندکار ئەوەیە کە توێژەر بۆی ڕوون ببێتەوە کە دایک و باوکی خوێندکاران هەردوو گروپی توێژینەوەکە خاوەنی چ ئاستێکن لەو ئاستانەی توێژەر دیاری کردوە(بێ بڕوانامە، بنەڕەتی و ئامادەیی، پەیمانگا و کۆلێژ بەسەرەوە)، پاشان توەێژەر هەستا بەدیاری کردنی بەهای هەریەک لە ئاستەکان بەپێی خوێندەواری و بڕوانامەیان، خشتەی(8).

**خشتەی (8) ئاستی خوێندنی باوکان و دایکانی فێرخوازان**

| ز | ئاستی خوێندەواری | بەهاکان |
|---|---|---|
| ١ | بێ بڕوانامە | ١ |
| ٢ | بنەڕەتی و ئامادەیی | ٢ |
| ٣ | پەیمانگا و کۆلێژ بەسەرەوە | ٣ |

### 3-5-7- ئاستی خوێندەواری باوکان

توێژەر ئاستی خوێندەواری باوکی خوێندکارانی لە ڕێگەی فۆرمێکەوە بەدەست هێنا، پاشکۆی(4) بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی لەنێوان گروپەکاندا توێژەر لەڕێگای تاقیکردنەوەی (کای دووجا) داتاکانی شیکردەوە بەمەبەستی زانینی جیاوازی مانادارى ئاماری لەنێوان گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراودا خشتەی(9) .

**خشتەی (9 )ئەنجامی تاقیکردنەوەی کای دووجا بۆ جیاوازی نێوان ئاستی خوێندنی باوکانی فێرخوازانی هەردوو گروپ**

| گروپ | نەخوێندەوار و سەرەتایی | ناوەندی و ئامادەیی | پەیمانگا و کۆلێژ | ژ. فێرخواز | نرخی کای دووجا | | بەڵگەداری لەئاستی ٠/٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |

| گروپ | | | | ز.فێرخواز | دەرهێنراو | خشتەیی | بەڵگەداری لەئاستی ٠/٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ١٠ | ٧ | ٥ | ٢٢ | ٠,٨٣٦ | ٥,٩٩١ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ١٣ | ٥ | ٤ | ٢٢ | | | |
| کۆ | ٢٣ | ١٢ | ٩ | ٤٤ | | | |

لەخشتەی (9) دەردەکەوێت نرخی (کای دووجا)ی هەژمارکراو (0.836) کەمترە لە نرخی خشتەیی (5.991) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش مانای ئەوەیە لەم گۆڕاوەدا جیاوازی ماناداری ئاماری لە نێوان گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراودا نییە.

### 3-5-8- ئاستی خوێندنی دایکان

توێژەر ئاستی خوێندەواری دایکی خوێندکارانی لە دۆسیەی خوێندکاران لە کارگێڕی قوتابخانەو سەرەڕای پێدانی فۆرمێک کە بەسەر خوێندکاراندا دابەشکرا بەدەست هێنا، بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی لەنێوان گروپەکاندا توێژەر لەڕێگای تاقیکردنەوەی (کای دووجا) داتاکانی شیکردەوە بەمەبەستی زانینی جیاوازی ماناداری ئاماری لەنێوان گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراودا خشتەی(10).

**خشتەی(١٠) ئەنجامی تاقیکردنەوەی کایی دووجا بۆ جیاوازی نێوان ئاستی خوێندنی دایکانی فێرخوازانی هەردوو گروپ**

| گروپ | بێرووانامە و سەرەتایی | ناوەندی و ئامادەیی | پەیمانگا و کۆلێژ | ژ.فێرخواز | نرخی کای دووجا: دەرهێنراو | نرخی کای دووجا: خشتەیی | بەڵگەداری لەئاستی ٠/٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ١٢ | ٥ | ٥ | ٢٢ | ٠,١٣٤ | ٥,٩٩١ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ١١ | ٦ | ٥ | ٢٢ | | | |
| کۆ | ٢٣ | ١١ | ١٠ | ٤٤ | | | |

لەخشتەی (10) دەردەکەوێت نرخی (کای دووجا)ی هەژمارکراو (0.836) کەمترە لە نرخی خشتەی (5.991) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش مانای ئەوەیە لەم گۆڕاوەدا جیاوازی ماناداری ئاماری لە نێوان گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراودا نییە.

### 3-7- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری (وسائل جمیع المعلومات)

3-7-1 سەرچاوە عەرەبی و بیانییەکان

3-7-2- فۆرمی ڕاپرسی

3-7-3- لاپەڕەی ڕوونکردنەوەی کارامەییەکان

3-7-٤- بەرنامەی (SPSS)

### 3-8-5- پرۆسەی وانەووتنەوە

توێژەر بۆئەنجامدانی ئەزموونەکە پێداویستییەکانی ئامادەکردوو دواتر لە 2024\11\3 دەستیکرد بەجێبەجێکردنی ئەزموونەکە بەپێی پلانە ئامادەکراوەکان، بۆستراتیجی خانەکانی فێربوون وانەی بەگرووپی ئەزموونی دەووتەوەو بەپێی پلانی ئامادەکراو بۆ گرووپی کۆنترۆڵکراویش بەڕێگای ئاسایی وانەی دەووتەوە و بۆهەر هەفتەیەک (3) بەشەوانەو هەروانەیەکیش (40) خوولەک بوو.

### 3-9- ئامرازەکانی توێژینەوەکە (اداة البحث)

لە توێژینەوەی زانستیدا چەند ئامرازێک بۆکۆکردنەوەی داتاو زانیاری هەیە، هیچ ئامرازێک نیە بۆ هەموو توێژینەوەکان ببێت (بۆکانی،2020: 132).

### 3-9-1- تاقیکردنەوەی دەستکەوت

توێژەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی لەتوێژینەوەی (احمد،٢٠١٦) وەرگرتووە، ئامانجە ڕەفتارییەکان ژمارەیان (71) ئامانجە بەپێی (3) ئاست لە ئاستەکانی پۆلێنەکەی بلوم (بیرهاتنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردن)، کە (47) ئامانجیان لەئاستی بیرهێنانەوەو (18) ئامانجیان لەئاستی تێگەیشتن و (6) ئامانجیان لەئاستی جێبەجێکردنە، تاقیکردنەوەی دەستکەوتیش پێکهاتووە لە(1) جۆری پرسیار ئەویش پرسیاری هەڵبژاردن لەچەند دانەیەک و برگەکانی تاقیکردنەوەکە لە (40) برگە بۆ هەربرگەیەکیش (4) چوار جێگرەوە دانراوە.

#### 3-9-1-1- دانانی ڕێنمایی وەڵامدانەوە بۆتاقیکردنەوەی دەستکەوت

ڕێنمایی وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوەی دەستکەوت بۆخوێندکارانی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە ئامادەکرا.

#### 3-9-1-2- ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی بۆتاقیکردنەوەی دەستکەوت

ڕێکارییەکی گرنگە لەئامادەکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە، چونکە گرنگی ناوەڕۆک و گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان ڕەچاودەکات، کەئەمەش وا دەکات دەستەواژەکانی تاقیکردنەوە بەپێی گرنگی ئەم دوو لایەنە دابەش بکرێن (الكبيسی،2007: 141).

توێژەر خشتەی تایبەتمەندی (نەخشەی تاقیکردنەوە) خشتەی (11)ی بەم هەنگاوانەی خوارەوە ڕێکخست :

١-دەرهێنانی ڕێژەی گرنگی ناوەڕۆک = $\frac{\text{ژمارەی لاپەڕەی بابەتی خوێندن}}{\text{کۆی ژمارەی لاپەڕەکان}} \times 100$

(الحريری، 2007: 79).

٢- دەرهێنانی ڕێژەی گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان، لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەی لای خوارەوە

ڕێژەی گرنگی ئامانجی ڕەفتاری لەهەر ئاستێکدا = $\frac{\text{ژ.ی. ڕەفتاری لە هەر ئاستێکدا}}{\text{ژ.گشتی ئامانجە ڕەفتارییەکان}} \times 100$

( سمارة واخرون، 1989: 53).

**خشتەی (11) خشتەی تایبەتمەندی**

| بابەت | ژ.لاپەرە | گرنگی ناوەڕۆک | ڕێژەی گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان | | | کۆی ئامانجەکان | کۆی پرسیارەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بیرهاتنەوە | تێگەشتن | پراکتیك | | |
| | | | %٦٦,١٩ | %٢٥,٣٥ | %٨,٤٥ | | |
| بەندی یەکەم | ٢٧ | ٪٥٤ | ٢٤ | ١٠ | ٣ | ٣٧ | ٢١ |
| بەندی دووەم | ٢٣ | ٪٤٦ | ٢٣ | ٨ | ٣ | ٣٤ | ١٩ |
| کۆ | ٥٠ | %١٠٠ | ٤٧ | ١٨ | ٦ | ٧١ | ٤٠ |

## -3-1-9-3 ڕاستێتی تاقیکردنەوە (الصدق الاختبار)

### یەکەم: ڕاستێتی ڕواڵەتی (الصدق الظاهري)

ڕاستێتی تاقیکردنەوە ئەوەیە کەپێوانەی ئەولایەنانە بکات کەپێوەرەکە یاخود تاقیکردنەوەکەی بۆدارێژراوە (ملحم،2005: 270)، بۆدەرهێنانی ڕاستێتی تاقیکردنەوەکە توێژەر تاقیکردنەوەکەی خستە بەردەست کۆمەڵێک پسپۆڕو شارەزای بواری ڕێگاکانی وانەووتنەوەو مێژووی ئیسلامی پاشکۆی(16)، بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاوبۆچونیان لەسەر برگەکانی تاقیکردنەوەکە بۆخوێندکارانی توێژینەوەکە، دوای گەڕانەوەی تاقیکردنەوەکە و بەکارهێنانی هاوکێشەی (جی کۆپەر- J cooper) دەرکەوت بەڕازیبونی ڕێژەی زیاتر لە (80٪)ی شارەزایان بۆ هەربڕگەیەک ،بەم شێوەیە ڕاستێتی تاقیکردنەوەکە گوونجاو بوو بۆ بەکارهێنان.

### دووەم: ڕاستێتی ناوەڕۆک (صدق المحتوی)

ئەو ڕادەیەیە، کە تاقیکردنەوەکە ئەو ناوەڕۆکە دەپێوێت کە دەبێ بیپێوڕێت، ڕەوایەتی ناوەڕۆکەکە پێویستی بە دوو شت هەیە وەک ڕەوایەتی بابەت و ڕەوایەتی نمونەگرتن، ڕەوایەتی بابەت پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئایا برگەکانی هەڵبژاردن نوێنەرایەتی ناوەرۆکەکە دەکەن یان نا؟ سەبارەت بەڕەوایەتی نموونەگرتن، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئایا نموونەی تاقیکردنەوەکە گشتگیرە لەناوەڕۆکەکە یان نا؟ (الضامن،2007: 113)، توێژەر بۆبەدەستهێنانی ڕاستێتی ناوەڕۆک خشتەی تایبەتمەندی ئامادەکردو لەڕێگەیەوە بۆمان دەرکەوت، کەتاقیکردنەوەکە نوێنەرایەتییەکی بەهێزی بابەتەکە دەکات، بۆیە توێژەر لەم ڕاستێتییەی ناوەڕۆکیش دڵنیا بوویەوە، خشتەی (11).

## -4-1-9-3 جێگیری تاقیکردنەوەکە (ثبات الاختبار)

بەو واتایەی کە هەمان ئەنجامی پێشووی ئەو گروپە فێرخوازانەمان پێدەدات، ئەگەر دووبارە تاقیبکەینەوە لەهەمان بابەت، بەمەرجێک هیچ وانەو ڕاهێنانێک بەفێرخوازەکان نەکرێت (قادر،2016: 170)، توێژەر جێگیری تاقیکردنەوەکەی لەڕێگەی نموونەیەک بەدەر لەنموونەی سەرەکی توێژینەوەکە دەرهێنا، بەشێوەی تاقیکردنەوەو دووبارە تاقیکردنەوە، کەبریتیبوون لە(44)خوێندکار لە خوێندکارانی قوتابخانەی (هێما)ی بنەڕەتی لەبابەتی کۆمەڵایەتی/مێژوو لە سنوری پەروەردەی دەربەندیخان، لەئەنجامدا جێگیری تاقیکردنەوەکە بەدەستهات، بەئاستی (0.90) بەپێی هاوکۆلکەی ئاماری پێرسۆن، خشتەی (12).

**خشتەی (12) ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری و هاوکۆلکەی پێرسۆن بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

| جێبەجێکردن | ژمارەی خوێندکار | ناوەندژمێری | لادانی پێوەری | بەهای هاوکۆلکەی پێرسۆن |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم جار | ٤٤ | ٢١,٢٠٠ | 3.539 | ٠,٩٠ |
| دووەم جار | ٤٤ | 20.244 | 3.748 | |

5-1- -9-3

### هاوكۆلكەی ئاستی گرانی (معامل صعوبة)

بۆدەرهێنانی ئاستی گرانی هەر بڕگەیەکی تاقیکردنەوەکە توێژەر هاوکێشەی ئاستی گرانی بەکارهێناو لەئەنجامدا دەرکەوت کە ئاستی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە دەکەوێتە نێوان (0.34 -0.50) کە ئەمەش بەپێی بیروڕای (باپیر،2019: 110)، بەگونجاو دادەنرێت ئەگەر ئاستی گرانی بڕگەی تاقیکردنەوەکە بکەوێتە نێوان (0.20 -0.80).

### 3-9-1-6- هاوكۆلكەی هێزی جیاکەرەوە (معامل قوة التمييز)

هێزی جیاکەرەوەی بڕگە ئەوەیە کەبڕگەکانی تاقیکردنەوەکە بتوانێ جیاوازی بکات لەنێوان خوێندکارانی کۆمەڵەی بەرزو خوێندکارانی کۆمەڵەی نزم، توێژەر هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکانی دەرهێنا، لەئەنجامدا دەرکەوت هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان دەکەوێتە نێوان (0.27-0.40) ئەمەش بەباش دادەنرێت ئەگەر هێزی جیاکەرەوەی بڕگەی تاقیکردنەوە بکەوێتە نێوان (0.25 -0.75) بەبیروڕای (السلطاني،1989: 29).

### 3-9-1-7- كارایی جێگرەوە هەڵەكان (فاعلية البدائل الخاطئة)

مەبەست لە کارایی جێگرەوە هەڵەکان ئەوەیە کە هەڵبژاردنێکی هەڵە کاریگەرو سەرنج ڕاکێش تربێت بۆخوێندکارانی کۆمەڵەی نزم لەچاو خوێندکارانی کۆمەڵەی بەرز (سلمان،2012: 300)، بۆزانینی کارایی جێگرەوە هەڵەکان توێژەر ژمارەی خوێندکارانی کۆمەڵەی بەرز کە وەڵامی هەڵەیان هەڵبژاردووە ژمارد لەگەڵ ئەوخوێندکارانەی کە لەکۆمەڵە نزم وەڵامی هەڵەیان هەڵبژارووە، لەئەنجامدا بۆی دەرکەوت ژمارەی ئەو خوێندکارانەی وەڵامی هەڵەیان هەڵبژاردووە لەکۆمەڵەی نزم زۆرترن بەراورد بەکۆمەڵەی بەرز، ئەنجام بە(نێگەتیف)سالب دەرچوو، کەئەمەش مانای ئەوەیە هەموو جێگرەوەکان کاران.

### 3-9-2- ئامادەکردنی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی (إعداد مقياس تنمية التفكير الإيجابي)

دوای پێداچوونەوە بەتوێژینەوەکانی پێشووتردا و پەیوەندیدار بەگۆڕاوی بیرکردنەوەی ئەرێنی و لەنێو ئەوتوێژینەوەیانەی کەپێداچونەوەیان بۆکرا لێکۆڵینەوەی (الاعرجی،2019)، لێکۆڵینەوەی (الجبوری،2018)، لیکۆڵینەوەی (الموسوي،2018)، لێکۆڵینەوەی (شێخۆ،2023)، کەپێوەرێکی بیرکردنەوەی ئەرێنی ئامادەکردووە، توێژەر سوودی لە بڕگەکانی پێوەرەکەی کەژمارەیان (42) بڕگەبوو وەرگرت ،شێوەی سەرەتای بڕگەکان پاشکۆی(20).

### 3-9-2-1- ڕاستێتی پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێنی (صدق المقياس التفكير الإيجابي)

### 3-9-2-2- ڕاستێتی ڕواڵەتی (الصدق الظاهري)

ڕاستێتی پێوەر ئەوەیە توانای پێوانەکردنی ئەوتایبەتمەندییە یان دیاردەیەیی هەبێت کەبۆ ئەو مەبەستە لەپێناویدا دانراوە (مصطفى، 2023: 75)، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستێتی پێوەرەکە توێژەر پێوەرەکەی خستە بەردەست کۆمەڵێک پسپۆڕ لە بواری ڕێگاکانی وانەووتنەوەو زانستە دەروونی وپەروەردەییەکان پاشکۆی(٢١)، بەمەبەستی زانینی ڕاوبۆچوون وسەرنجیان بۆگوونجاوی بڕگەکانی پێوەرەکە بۆ خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، دوای گەڕانەوەی پێوەرەکەو بەکارهێنانی هاوکێشەی (جی کۆپەر-J cooper) و پشتبەستن بەڕێژەی ڕازیبونی (80 %)و زیاتری بەسەرەوەو بە پشتبەستن بەڕاوبۆچوونی هەڵسەنگێنەران (4) بڕگە کە بریتیبوون لە بڕگەکانی (4 ، 5، 14، 24 ، ) لادران و گۆڕانکاری لە دارشتنی چەند بڕگەیەکیش کراو بەشێوەی کۆتای (38) بڕگەی لەخۆگرت.

### 3-9-2-3- جێگیری پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی

جێگیری پێوەر ئەوەیە کە ئەنجامێکی نزیک یان هەمان ئەنجام دەدات ئەگەر زیاتر لەجارێک لە بارودۆخێکی هاوشێوەدا جێبەجێبکرێت (کاظم، 2020: 67)، توێژەر جێگیری تاقیکردنەوەکەی دەرهێنا لەرێگەی وەرگرتنی نموونەیەک دوور لە نموونەی سەرەکی توێژینەوەکە، ئەمەش بەتاقیکردنەوەو دووبارە تاقیکردنەوە ، کەبریتی بوون لە (25) خوێندکار لە خوێندکارانی قوتابخانەی (ئالێ)ی بنەڕەتی لەسنووری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی دەربەندیخان، پاشکۆی (22)، لەئەنجامدا بەپێی ی هاوکۆلکەی ئاماری پێرسۆن جێگیری تاقیکردنەوەکە بەئاستی (0.84)بەدەستهات ، خشتەی (13)

**خشتەی (13) ناوەندەژمێری و لادانی پێوەری و هاوكۆلكەی پێرسۆن بۆ پێوەری بیرکردنەوەی ئەرێنی**

| جێبەجێکردن | ژمارەی خوێندکار | ناوەندەژمێری | لادانی پێوەری | بەهای هاوکۆلکەی پێرسۆن |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم جار | ٢٦ | ٩٥,٢٤٠ | ١١,١٠٢ | ٠,٨٤ |
| دووەم جار | ٢٦ | ٩٦,٩٦٠ | ١٠,٦٦٣ | |

### 3-10- جێبەجێکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەو ڕاستکردنەوەیان

### 3-10-1- جێبەجێکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە

### 3-10-1-1- تاقیکردنەوەی دەستکەوت

توێژەر بەیارمەتی مامۆستای بابەتی کۆمەڵایەتی لەیەک کاتدا لەڕێکەوتی 2024/12/22 تاقیکردنەوەی دەستکەوتی بەسەر خوێندکارانی هەردوو گرووپدا جێبەجێکرد.

### 3-10-1-2- جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی

توێژەر بەهاوکاری مامۆستای بابەتی کۆمەڵایەتی لەیەک کاتدا لەڕێکەوتی 2024/12/23 تاقیکردنەوەی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی بەسەر خوێندکارانی هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا جێبەجێکرد بۆزانینی گەشەی چاوەڕوانکراو،
هەروەک پێشتر لەڕێکەوتی 2024/10/24 بەسەر هەردوو گرووپی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرابوو بەمەبەستی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو گرووپدا.

### 3-10-2- پشکنینی تاقیکردنەوە

### 3-10-2-1- پشکنینی تاقیکردنەوەی دەستکەوت

توێژەر وەڵامی خوێندکارەکانی بەپێی (کلیلی پشکنین) ئەنجامدا، پاشکۆی (14) بۆهەروەڵامێکی ڕاست (1) یەک نمرە دانراوە بۆهەروەڵامێکی هەڵەش یان وەڵام نەدراوە یاخوود هەڵبژاردنی زیاتر لە وەڵامێک (سفر) دانرا، بۆهەر بڕگەیەک لەبڕگەکانی پرسیارەکان، پرسیارەکانیش لەجۆری هەڵبژاردن لەچەند دانەیەک و ژمارەی بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە (40) چل بڕگەبوو، واتە نمرەی قوتابییەکان لەنێوان (0-40) نمرە دەبێت و بۆهەردوو گرووپەکەش وەک یەکە.

### 3-10-2-2- پشکنینی تاقیکردنەوەی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی

توێژەر پێشتر بەمەبەستی زانینی ڕادەی هاوسەنگی گرووپەکان پشکنینی بۆئەم تاقیکردنەوە کردبوو، نمرەی خوێندکارەکانیش لەنێوان (0-190) نمرە دەبێت، چونکە ژمارەی بڕگەکانی (38) بڕگەیە.

## بەشی چوارەم: خستنە ڕووی ئەنجامەکان و گفتووگۆکردنیان

### 4-1- خستنەڕووی ئەنجامەکان

توێژەر لەڕێگەی سەلماندنی گریمانەکانەوە ئەنجامی توێژینەوەکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەخاتە ڕوو:

### گریمانەی یەکەم:

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کە بابەت بەپێی ستراتیجی خانەکانی فێربوون وەردەگرن لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بەڕێگەی ئاسایی وەردەگرن لە بابەتی مێژوو لە تاقیکردنەوەی پاشینەی دەستکەوت لەبابەتی مێژوو، توێژەر ناوەندی ژمێری و لادانی پێوانەی بۆ هەردوو گروپ دەرهێنا کەگرووپی ئەزموونی ناوەندی ژمێرییەکەی (34.455) و کۆنترۆڵکراو (26.277) لادانی پێوانەی گرووپی ئەزموونی (3.661)و کۆنترۆڵکراویش (4.429)، بۆسەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانە توێژەر تاقیکردنەوەی (تائی) بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆ بەکارهێنا بۆ ناوەندە ژمێرییەکان، خشتەی (14).

**خشتەی (14)ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەنمرەی دەستکەوتی خوێندنی فێرخوازانی هەردوو گروپ**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | بەڵگەداری لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٣٤,٤٥٥ | ٣,٦٦١ | ٦,٧١٦ | ٢/٠١٨ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٦,٢٢٧ | ٤,٤٢٩ | | | |

لەخشتەی (14) دەردەکەوێت بەهای (تائی- t) هەژمارکراو کە (6.716) گەورەترە لە نرخی خشتەی (2.018) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە نمرەی هەردوو گرووپی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت ، واتە گریمانەی (سفری) ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکرێت.

### گریمانەی دووەم

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی(0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کە بابەت بەپێی ستراتیجی خانەکانی فێربوون وەردەگرن لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بەڕێگەی ئاسایی وەردەگرن لە بابەتی مێژوو لە تاقیکردنەوەی پاشینەی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی ، توێژەر ناوەندی ژمێری و لادانی پێوانەی بۆ هەردوو گروپ دەرهێنا کە گرووپی ئەزموونی ناوەندی ژمێرییەکەی (151.727) و کۆنترۆڵکراو (133.955) لادانی پێوانەی گرووپی ئەزموونی (17.796) و کۆنترۆڵکراویش (17.206).

پاشکۆی (24) بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانە توێژەر تاقیکردنەوەی شیکردنەوەی (تائی) بەکارهێنا بۆ ناوەندە ژمێرییەکان، خشتەی (15)

**خشتەی (15) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەنمرەی پاشی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی فێرخوازانی هەردوو گروپ**

| گروپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | بەڵگەداری لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ١٥١,٧٢٧ | ١٧,٧٩٦ | | | |
| کۆنترۆڵکراو | ١٣٣,٩٥٥ | ١٧,٢٠٦ | ٣,٦٦٨ | ٢/٠١٨ | بەڵگەدارە |

لە خشتەی (15) دەردەکەوێت کە بەهای (تائی- t) هەژمارکراو کە (3.668) گەورەترە لە بەهای خشتەی (2.018) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە نمرەی هەردوو گروپی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی پاشینەی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی، واتە گریمانەی (سفری) ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە پەسەندەکرێت.

## گریمانەی سێیەم

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی  کە بابەت بەپێی ستراتیجی خانەکانی فێربوون وەردەگرن لەگەڵ ناوەندە نمرەی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەت بەڕێگەی ئاسایی وەردەگرن لە بابەتی مێژوو لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینەی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی. خشتەی (16) و (17)

**خشتەی (16) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەنمرەی پێشی و پاشی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی فێرخوازانی گروپی ئەزموونی**

| گروپی ئەزموونی | ناوەندە ژمێری | جیاوازی | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | بەڵگەداری لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| پێشی | ١٢٨,٦٨٢ | | ٩,٩١٦ | | | |
| پاشی | ١٥١,٧٢٧ | ٢٣,٠٤٥ | ١٧,٧٩٦ | ٧,٣٤٩ | ٢,٠٨٠ | بەڵگەدارە |

لە خشتەی (16) دەردەکەوێت ناوەندە نمرەی گرووپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشی بریتیبوو لە (128.682)و ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پاشینەی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی بریتیبوو لە (151.727) و بەهای تائی هەژمارکراو (7.349) کە گەورەترە لە بەهای خشتەی کە (2.080) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی دا لای خوێندکارانی گروپی ئەزموونی کەواتە گریمانەی (سفری) ڕەتدەکەینەوە کە توێژەر لە سەرەتاوە دایرشتبوو، گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکەین، بۆ زانینی قەبارەی کاریگەرییەکە هاوکێشەی (ئیتا و کۆهین) بەکاردەهێنین، خشتەی (17).

**خشتەی  ( ١ ) نرخی تایی هەژمارکراو (n2) و (d) قەبارەی کاریگەری گروپی ئەزمونی**

| بەها (T) | بەها (n2) | بەها (d) | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| ٧,٣٤٩ | 1,622 | 0,408 | گەورە |

**خشتەی (18)ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەنمرەی پێشی و پاشی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو**

| گروپی کۆنترۆڵکراو | ناوەندە ژمێری | جیاوازی | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | بەڵگەداری لە ئاستی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| پێشی | ١٢٨,٧٧٣ | | ١٢,٢٩٤ | | | |
| پاشی | ١٣٣,٩٥٥ | ٥,١٨٢ | ١٧,٢٠٦ | ١,٣٣٦ | ٢,٠٨٠ | بەڵگەدار نییە |

لە خشتەی (18) دەردەکەوێت کە ناوەندە نمرەی گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشی بریتیبوو لە (128.773) و ناوەندە نمرەی گروپی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی بریتیبوو لە (133.955) و بەهای تائی هەژمارکراو (1.336) بچوکترە لە بەهای خشتەی (2.080)، لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە نێوان

تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی دا لای خوێندکارانی گروپی کۆنترۆلکراو کەواتە گریمانەی (سفری) قبوڵ دەکەین کە توێژەر لە سەرەتاوە دایڕشتبوو، بۆ زانینی قەبارەی کاریگەرییەکە هاوکێشەی (ئیتا و کۆهین) بەکاردەهێنین، خشتەی (19).

**خشتەی (19)نرخی تایی هەژمارکراو (n2) و (d) قەبارەی کاریگەری گروپی کۆنترۆلکراو**

| بەها (T) | بەها (n2) | بەها (d) | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 1,336 | ٠،٣٥٨ | ٠،٠٣٢ | بچوک |

## 4-2- گفتوگۆکردنی ئەنجامەکان

لەو ئەنجامانەی کە لە خشتەکانی (14، 15، 16،17، 18، 19) خراوەتە ڕوو دەردەکەوێت کە:

١- وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/ مێژوو بەپێی ستراتیجی(خانەکانی فێربوون) کاریگەری و کارایيەکی زۆر زیاتری هەبوە لە سەر دەستکەوت لای خوێنکارانی گروپی ئەزموونی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، بەراورد بە گروپی کۆنترۆلکراوکە وانەوتنەوەیان بە ڕێگای ئاسایی بوو، بۆ گفتوگۆکردنی ئەنجامەکان سود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە و ئەم ئەنجامەش هاوڕایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشووی نزیک لە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە،

بە سەرنج و بۆچوونی توێژەر سەرکەوتنی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی و بەدەستهێنانی دەستکەوتی باشتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ستراتیجی (خانەکانی فێربوون) وا لە خوێندکاران دەکات بەشداری چالاکانەی وانەکە بکەن و لێهاتوانە بیریان لای دروستکردنی پرسیارو وەڵامدانەوە بێت و هەمیشە خۆیان بە بەشێکی سەرەکی پرۆسەی وانەوتنەوە و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە بزانن کە دێتە ڕێگەیان، هەروەها ئەم ستراتیجە وا لە خوێندکاران دەکات کە بەدەستهێنانی لایەنی ئەرێنی زیاتر گەشەبکات ئەمەش لە ڕێگەی کارلێک و پەیوەندی زانستییان،

توێژەر بۆی دەرکەوت کە بەکارهێنانی ستراتیجی خانەکانی فێربوون گەشە بە هەڵوێستی ئەرێنی خوێندکاران دەدات لەبابەتە کۆمەڵایەتیەکان/ مێژوو باشترو وردتر بیربکەنەوە بەراوردی ڕوداوە مێژووییەکان بکەن و ئەرێنیانە بڕواننە ئایندەی خۆیان، لەلایەکی ترەوە ئەم ستراتیجە چاندنی هەستی بەرپرسیارێتی لای خوێندکاران زیاد دەکات، ئەمەش لەکاتی ئامادەکردنی پرسیار بۆ خوێندکارە هاوپۆل و هاوتەمەنەکەی.

ئەم ستراتیجە دەرفەت بۆ مامۆستا دەڕخسێنێت تائاستی خوێندکارانی کەم دەستکەوت بەرزبکاتەوە بەکارکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵیان، و هاوکاری و متمانە لە نێوان مامۆستاو خوێندکار و خوێندکاران لە نێوان خۆیاندا زیاد دەکات، و خوێندکار دەکاتە چەقی فێربون و ڕۆڵی فێرکاری پێدەبەخشێت، ئەمەش وادەکات خوێندکار بەئاگاییەوە ئەو ڕۆڵە بگێڕێت کەپێی دراوە، ئەم ستراتیجە وا لە خوێندکار دەکات بەبێ ترس و دوودڵی بەشداری کاراو چالاکانەی هەبێت لە وانەکاندا، تاکو دەستکەوتی باش بەدەستبهێنن.

٢- وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان/ مێژوو بەپێی ستراتیجی (خانەکانی فێربوون) کاریگەری باشی هەبووە لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی لای خوێندکارانی گروپی ئەزموونیی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، بەراورد بە گروپی کۆنترۆلکراو کە وانەیان بەڕێگای ئاسایی پێدەوترایەوە،

بەبۆچونی توێژەر سەرکەوتنی گروپی ئەزمونی لە گەشەکردنی بیرکردنەوەی ئەرێنییان دەگەڕێتەوە بۆ کارایی و چالاکی ستراتیجی (خانەکانی فێربوون) کە بیرۆکەی ئەرێنی لە ناخی خوێندکاردا دەچێنێت و وا لە خوێندکار دەکات ئەرێنی بێت بۆ بابەتی کۆمەڵایەتی/ مێژوو هەمیشە ئەرێنییانە بڕوانێتە ڕوداو و پێشهاتەکانی داهاتوو.

ئەم ستراتیجە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژاو و ڕێکخراو بابەتی وانەکە ئامادە دەکات و سەرنجی خوێندکاران بەلای بابەتەکە ڕادەکێشێت کە ئەوەش دەوری باش و کاری هەیە بۆ ئەوەی خوێندکاران لە بابەتەکە بێزار نەبن و ورد بیر لە بابەتەکە بکەنەوە و گەشە بەبیرکردنەوەی ئەرێنی خوێندکاران بدات.

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەکانی (الکعبی، 2017)، (قادیر، 2019)، (عباس، و بلیل، 2020)، (محمد، 2020)، (العربی، 2021)، (حسین، 2023)

٣- ئاستی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆلکراو کە بابەتیان بەپێی ڕێگای ئاسایی وەردەگرت لەسەر دەستکەوتی خوێندن لاوازترە بەراورد بە گروپی ئەزمونی ، کە بابەتیان بەپێی ستراتیجی خانەکانی فێربوون وەردەگرت ، سەبارەت بە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆلکراو کەمتر گەشەیان کردووە بەراورد بە گروپی ئەزمونی .

# بەشی پێنجەم: دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیازەکان

## 5-1- دەرئەنجامەکان (الاستنتاجات):

لەدوای تەواوبونی ماوەی ئەزمونی و لەڕێگەی شیکردنەوەی داتاکان و ئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە، توێژەر ئەم دەرئەنجامانەی خستەڕوو:

١-بەکارهێنانی ستراتیجی (خانەکانی فێربوون) لە وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا کاریگەری کاراو بەرچاوی هەیە، لەسەر دەستکەوتی خوێندکاران بۆبابەتەکە بەراورد بەڕێگەی ئاسایی.

٢- بەکارهێنانی ستراتیجی (خانەکانی فیربوون) لە وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا کاریگەری کاراو بەرچاوی هەیە، بەراورد بەرێگای ئاسایی لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی.

٣- بەکارهێنانی ستراتیجی (خانەکانی فێربوون) شێوازێکی نوێی فێرکردنە و وا لە خوێندکار دەکات زیاتر چالاک و کارابن و هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیان.

## 2-5 ڕاسپاردەکان (التوصيات):

لەدوای خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی ئەنجامەکان، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خستەڕوو:

١-کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی کۆمەڵایەتی لە سەر بەکارهێنانی ستراتیجی (خانەکانی فێربوون) تایبەت بەرێگاکانی وانەوتنەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکانەوە لە هەرێمی کوردستان.

٢- ڕاسپاردەمان بۆ هاوڕێ و سەرپەرشتیارو مامۆستای ڕاهێنەری قوتابخانە جەخت لەسەر گرنگی بەکارهێنانی ستراتیجی (خانەکانی فێربوون) بکەنەوە لە وانەوتنەوەدا لەکاتی سەردانە مەیدانیەکانیاندا بۆلای مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان.

٣- جەخت لەمامۆستایانی مێژوو لە قۆناغە جیاوازەکاندا بکرێتەوە بۆ بەکارهێنانی ستراتیجی (خانەکانی فێربوون) لەوانەوتنەوەدا چونکە کارلەسەر فێربونی کاراو بەدیهێنانی ئامانجەکانی بابەتی مێژوو دەکاتەوە.

٤- گرنگی دانی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی بەتایبەت و قۆناغە جیاوازەکانی دیکە بە پێوەری گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی، کە لەم توێژینەوەدا ئامادەکراوە.

## 3-5 پێشنیازەکان (المقترحات):

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا تویژەر ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی لە داهاتودا توێژەرانی ئەم بوارە توێژینەوەیان لەسەر ئەنجام بدەن:

١-کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجی خانەکانی فێربوون لە سەردەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی لە بابەتی جوگرافیا لای خوێندکارانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی.

٢- کارایی بەکارهێنانی ستراتیجی خانەکانی فێربوون لە سەر دەستکەوت وگەشەپێدانی بیرکردنەوەی ئەرێنی لای خوێندکارانی بەشە زانستیەکان.

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان ستراتیجی خانەکانی فێربوون و ستراتیجیەکی دیکە لە ستراتیجیەکانی فێربوونی چالاک.

## لیستی سەرچاوەکان


- احمد، شێرزاد علی (**2023**)، **کاریگەری ستراتیژی چالاککەرەوە دەرەکییەکان و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی دوورمەودا لەبابەتی مێژوو لای خوێندکارانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان**، تێزی دکتۆرا، کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.
- احمد، شێرزاد علی (2016)، **کاریگەری ستراتیژی هەژاندنی هزری لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی پاڵنەری زانیاری لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی مێژوو** ، (نامەی ماستەر بڵاونەکراوە)، کۆلیجی پەروەردەی بنەرەت، زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر .
- احمد، شێرزاد علی (**2025**)، **پەروەردەی دەروون**، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- بۆکانی، سابیر (**2020**): **میتۆدی توێژینەوەی زانستی**، چاپی دووەم، چوارچرا، سلێمانی.
- حسن، پەخشان حوێز (**2021**) ،**کاریگەری ستراتیجیەتی فێرکردنی جیاکاری لەسەر دەستکەوتی مەعریفی بۆقوتابیانی پۆلی دوازدەهەمی ووێژەی و پارێزگاریکردنی لەبابەتی جوگرافیا**، ماستەرنامە، کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.
- حمدسعید، جوان (**2014**)،**کاریگەری ستراتیجیەتی (لەهەرچوارلاوە) بۆفێربونی چالاک لەدەستکەوتن و پەرەپێدانی ئاراستەکردنی بابەتی ئەدەب لەزمانی کوردیدا**، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە) کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.
- مصطفی، کەنعان اسماعیل (**2023**)، **کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم لەسەر دەسهات لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و ئاڕاستەیان دەربارەی بابەتی کۆمەڵایەتی**، نامەی ماستەر،(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕت، زانکۆی سلێمانی.
- بيفر، فيرا (٢٠٠٣)**، التفكير والايجابي**،مكتبة جريرللطباعة و النشر، رياض – مملكة العربية السعودية .
- بابير، شيماء محمد(٢٠١٩)، **استخدام انموذج الفورمات(٤ mat)، في تعليم طالبات الصف الثامن الأساس لمادة الأحياء وأثره في تحصيل والاتجاه** ، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية التربية الأساس، جامعة صلاحدين – أربيل ، أقليم كردستان – العراق .
- جبر، ايات محمد و عيال،عبدالباسط محسن و غالي، اسماء صادق(٢٠١٨)، **اثر استراتيجية التعليم المتمايز في التحصيل لدى تلميذات الصف الخامس الإبتدائي في الرياضيات**، مجلة ميسان للدراسات الأكاديمية – العدد ٣٤، العراق.
- شيخو، نارين كمال سعيد(٢٠٢٣)، **أثر اسيراتيجيتى بيكس(PECS)وشبكة الأسئلة في تحصيل مادة الجغرافية لدى طالبات الصف الحادي العشر.وتنمية تفكيرهن الإيجابي**، أطروحة الدكتوراه ، غير منشورة، كلية التربية الأساسية – جامعة صلاحدين – أربيل، كوردستان.
- أبو شقراء ، رجاء (2009)، في التربية الشغوفة لدليل العلم لتفعيل عملية التعلم و تنشيطه ، دار العلم للملاين ، بيروت – لبنان.
- أبو دية، عدنان احمد (٢٠١١)، **اساليب معاصرة في تدريس الاجتماعيات**، ط١، جامعة النجاح، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان – الأردن .
- الأعسر، صفاء (٢٠٠٧)**، الابداع في حل المشكلات**، ط٢ دار الزهراء، الرياض، المملكة العربية السعودية .
- الأعرجي، مهيب عبدالمطلب بهاء (٢٠١٩)، **التفكير المنتج وعلاقته بالأداء القائم على الحكمة لدى طلبة الدراسات العلياء** ، رسالة ماجستير ، أداب علم النفس التربوي، جامعة بابل – العراق.
- الجبوري، مجد ممتاز عبد عمران عبود(٢٠١٨)، **أثر استراتيجية الحصاد في تحصيل طلاب الصف الرابع العلمي والتفكير الإيجابي لديهم في مادة الفيزياء** ، رسالة ماجستير غير منشورة،كلية التربية الأساسية – جامعة بابل – العراق.

- الجنابي، أشرف فالح محمد (٢٠٢٤)، **اثر استخدام استراتيجية خلايا التعلم في تحصيل مادة علم الأحياء لدي طلاب الصف الثاني المتوسط**، مجلة نسق، عدد١٠، العراق.
- الحريري، رافدة (٢٠٠٧)، **التقويم التربوي**، دار المناهج للنشر و التوزيع، عمان – الأردن.
- الدخيل، عواد بن دخيل (٢٠٠٦)، **أثر برنامج تدريبى فى تنمية مفهوم القرأة لدى معلمى اللغة العربية فى المرحلة الابتدائية**، كلية التربية، جامعة مليك سعود.
- الدردير،عبدالمنعم احمد (٢٠١٤)، **علم النفس المعرفي**، عالم الكتب، مصر.
- الديب، محمد مصطفى(٢٠٠٦)، **استراتيجيات معاصرة فى التعلم التعاونى**، ط١،عالم الكتب،
- الزايدى، فاطمة بنت خلف اللة عمير (٢٠٠٩)، **أثر التعلم النشط فى تنمية التفكير الابتكارى والتحصيل الدراسى بمادة العلوم لدى طالبات الصف الثالث المطوسط بالمدارس الحكومية بمدينة مكة المكرمة**، رسالة ماجستير، نمشوره، كلية التربية،جامعة أم القرى، مكة المكرمة – مملكة العربية السعودية .
- السلطاني، نسرين حمزه (١٩٨٩)، **القياس والتقويم**، كلية التربية الأساسية، جامعة بابل.
- الضامن، منذر (٢٠٠٧)، **أساسيات البحث العلمي**، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.
- العربي، عائدة سلامة السوداني (٢٠٢١)**: تنمية مهارات التفكير الإيجابي لتحسين الصمود النفسي. لدى طالبات المرحلة الثانوية**، مجلة بحوث العلوم التربوية، عدد٣، جزء الثاني.
- العيساوي، وفاء سويدان علي (٢٠١٥)، **أثر التدريس بمهارات التفكير المحوري والستقصاء العقلاني في تحصيل مادة علم الأحياء والتفكير الإيجابي عند الطالبات الصف الثالث المتوسط**، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية التربية ابن الهيثم، جامعة بغداد، العراق.
- الموسوي،شهد حسين زيدان(٢٠١٨)، **فاعلية توظيف مهارات التفكير المحوري في تحصيل مادة التاريخ وتنمية التفكير الإيجابي لدى طالبات الصف الخامس الأدبي**، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية – جامعة المستنصرية – العراق.
- الكعبى، بلاسم كعيط حسن (٢٠١٧)، **أثر استراتيجية خلايا التعلم فى تنمية التفكير الناقد والتفكير التأملى لدى طلاب الصف الخامس الأدبى فى مادة الجعرافية**، مجلة البحوث التربوية والنفسية، عدد٥٥.
- أمبوسعيدى، عبدالله بن خميس وهدى بنت على الحسنية ( ٢٠١٦)، **أثر استراتيجيات التعلم النشط**، ط٢، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان – الاردن .
- تونسية، يونسى (٢٠١٢)، **تقدير الذات و علاقته بالتحصيل الدراسى لدى المراهقين المبصرين والمراهقين المكفوفين**، رسالة ماجستير(نمشوره)، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة مولود معمرى – تيزى وزو الجزائر .
- حجازى، مصطفى (٢٠١٢)، **اطلاق طاقات الحياة**،التنوير للطباعة والنشر،بيروت - لبنان .
- حسين، عبدالرزاق سرحان (٢٠٢٣)، **اثر استراتيجية خلايا التعلم في التحصيل وتنمية التفكير التأملي لدي طلاب الصف السادس الأدبي في مادة التأريخ البلاد العربية**، مجلة الجامعة العراقية، عدد٥٩، ج٢، العراق.
- سحتوت، ايمان محمد وزينب عباس جعفر(٢٠١٤)، **استراتيجيات التدريس الحديثة** ط١، مكتبة الرشد ناشرون، سعودية .
- سعدون، زينة عبدامحسن (٢٠١٢)، **أثر برنامج لتعليم التفكير فى حل المشكلات ولتحصيل الدراسى لدى تلميذات المرحلة البتدائية**، أطروحة دكتوراء (غير منشوره) كلية التربية ابن هيثم، جامعة بغداد – العراق.
- سعيد، عاطف وعيد ورجا احمد محمد (٢٠٠٦)، **اثر استخدام بعض استراتيجيات التعلم النشط فى تدريس الدراسات الاجتماعية على التحصيل وتنمية مهارات حل المشكلات لدى التلاميذ المرحلة الاعدادية**، مجلة دراسات فى المناهج وطرق التدريس، الجمعية المصرية للمناهج وطرق التدريس، جامعة عين شمس -مصر.(١١١)، ١٠١-١٤١.
- سعيدة، ورقى وشاوش جهينة (٢٠٢٠)**، تجليات استغدام طرائق التدريس الحديثة فى المدرسة الجزائرية**، رسالة ماجستير (منشورة) جامعة ٨ ماى ١٩٤٥ قالمة، جزائر.
- سلمان، احمد داود (٢٠١٢)، **أثر أنموذج ثيلين في تحصيل طلبة كلية التربية الأساسية جامعة ديالي في مادة منهج البحث التربوي**، مجلة الفتح، عدد الخمسون.
- سمارة، عزيز و أخرون (١٩٨٩)، **مبادىء القياس والتقويم في التربية** ، ط٢، دار الفكر للنشر، عمان – الأردن.
- صبري، حارث محمد و أمل فتاح زيدان(٢٠١٣)، **أثر استراتيجية خلايا التعلم في تحصيل تلاميذ الصف الثالث تربية خاصة في مادة القراءة**، مجلة أبحاث ، كلية التربية الأساسية، جامعة الموصل، عدد(٢)، ص ٣٢٥-٣٤٨.

- عباس، بشائرفاضل عليوي وأخرون (٢٠٢٠)، **اثر استراتيجية خلايا التعلم في تحصيل طالبات الصف الأول المتوسط في مادة التأريخ**، مجلة جامعة بابل للعلوم الإنسانية، مجلد٢٨، عدد٤،
- عبدالسلام،محمد (٢٠٢١)، **استراتيجية التعلم النشط**، مكتبة النور.
- عبدالسميع، هدى (٢٠١٦)، **أثر استراتيجية التعلم المرتكز على المشكلة فى مستويات بلوم فهم ومعريفة والكتشاف الأهداف السكوكية للتحصيل المعرفى لمادة طرائق التدريس** ،المرحلة الثانية لكلية التربية الرياضية،كلية التربية البدنية وعلم الرياضية للبنات، جامعة بغداد – عراق .
- عبيد، وليم تاوضروس (٢٠٠٤)، **تعليم الرياضيات الأطفال فى ضوء متطلبات المعايير و ثقافة التفكير**،دار المسيرة،عمان – الأردن .
- علي، محمد السيد (٢٠١١)، **موسعة المسطلحات التربوية**، ط١، دار المسيرة للنشر والتوزيع،عمان – الأردن .
- غانم، زياد بركات (٢٠٠٥)، **لتفكير الايجابى والسلبى لدى طلبة الجامعة دراسة مقارنة فى ضوء بعض المتغيرات الديموغرافية والتربوية**،مجلة دراسات العربية علم النفس، مج ٤، عدد٣.
- فاندالين، دبولاب (٢٠٠٧)، **منهج بحث في التربية علم النفس**، ترجمة، نبيل نوفل وأخرون، مكتبة الأنجلو المصرية – القاهرة – مصر.

47 - قادير، بشرة (٢٠١٩)، **فاعلية برنامج إرشادي قائم على تنمية مهارات التفكير الإيجابي في خفض مستوي قلق المستقبل لدي متربصات التكوين المهني**، رسالة ماجستير،(منشورة)، كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية، جامعة قاصدي مرباح – ورقلة، الجزائر.

- محمد،احمد محمد (٢٠٢٣): **التفكير الايجابى لدى الابناء**، مجلة العلمية لكية التربية للطفولة المبكرة – جامعة المنصورة، مجلد الثامن، عدد٤.

49 - محمد، وجدان جاسم (٢٠٢٠)، **اثر استراتيجية خلايا التعلم في تحصيل طلبات الصف الثاني المتوسط**، مجلة فنون الفراهيدي، مجلد١٢، عدد٤٣، جزء٢، العراق.

- ملحم، سامي محمد (٢٠٠٥)، **القياس والتقويم في التربية وعلم النفس**، ط٢، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.
- منشد، حصام محمد(٢٠١٣)، **التفكير الايجابي وعلاقته باساليب التعامل مع الضغوط النفسية لدى معلمين**، رسالة ماجستير، غير منشوره، كلية التربية، جامعة كربلا – عراق .
- منيزل، عبدالله فلاح و عايش موسي (٢٠٠٦)، **الإحساء التربوي تطبيقات باستخدام الرزم الإحسائية للعلوم الإجتماعية**، كلية العلوم التربوية، جامعة الأردنية، دار المسيرة للنشر والتوزيع، الأردن.

[illegible]- ميلود، رقيق (٢٠٢٠):**التقويم التربوى وعلاقته بالتحصيل الدراسى،** ط٢، أدم مرام للنشر والتوزيع، الجزائر.

[illegible]- هدى، زناتى سولاف وسى بشير حميدة (٢٠٢٠)، **استراتيجيات التدريس المتقدمة واستراتيجيات التعلم وأنماط التعلم،** رسالة ماجستير، منشورة، المركزالجامعي احمد بن يحى الونشريسى – تيسمسيك – معهد الأداب وللغات، الجزائر.

[illegible]- يعقوب، ينال (٢٠١٥)، **طرائق التعلم ولتعليم فى القرأن الكريم أراء المدرسين فى تطبيقاتها العملية دراسة تحليلية،** أطروحة الدكتوراه فى التربية، كلية التربية، جامعة دمشق، سوريا .

[illegible]- المزيني، فهد محمد ثواب (٢٠١٣)، **أثر برنامج تدريبي مبني على التفكير الإيجابي في تقدير الذات لدى الطلبة الموهوبين والعادين في المملكة العربية السعودية ،** رسالة ماجستير، منشورة، جامعة البلقاء التطبيقية السلط – الأردن.

57- Arsian ,P.&walsh,M.(1997).constructivist cautions Phi Delta Kappan,444-449.

58- Hall swatiz,1, border D Nas,B(2002):Adoptional of active learning in a lecture Based Engineering class, A SEE/IEE frontiers in conference November 6,9 Boston, MA.

59- Herring -Harrison,T,J, Gardner, R Love Lace, T(2007),Adapting peer tutoring for learning who are deaf hard of Hearing ,intervention in school and clinic,(43)2,82-87.

60- Yale,S.& Martin,L(2000).A Heuristic study of spiritus lity meaning in health and wellness .Ed,D,taxas university commerce,USA.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-25

# The Effectiveness of using learning cell strategies on achievement and development of positive thinking among eighth grade students in social subjects (A challenging research in the master's thesis)

**Rebwar Aziz Darwesh kaka bra, Sherzad Ali Ahmad**

Department of Social Sciences, Basic Education College, Garmian University, Kurdistan Region - Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| **Received:** | June, 2025 |
| **Accepted:** | July, 2025 |
| **Published:** | August, 2025 |

**Keywords**

Strategy, Learning Cells, Academic Achievement, Positive Thinking.

**Corresponding Author**

Rebwaraziz677@gmail.com
Sherzad.ali@garmian.edu.krd

**Abstract:**

The aim of this study was to explore the effectiveness of using learning cell strategies on achievement and development of positive thinking among eighth grade students in social subjects.

The researcher employed a quasi-experimental design to balance the two study groups. The experimental group was taught based on the learning cell strategy, whereas the control group was taught the same subject in a traditional way.

The participants of the study comprised of eighth grade students in the center of Darbandikhan for the academic year (2024-2025). In addition, (44) students were chosen for this study. Two tools were used for the study. First, the Academic Achievement Test, which contained 40 multiple-choice questions in accordance with three levels (remembering, understanding and applying) of Bloom's Taxonomy. Second, the Positive Thinking Scale was 38 items.

After the experiment and data collection, the researcher carried out tests and statistical analysis on the data obtained through the statistical software (SPSS) and finally reached the following conclusions:

1. The use of learning cells strategies in teaching history to eighth grade students has had a significant impact on student achievement in comparison to the traditional method.

2. The use of learning cells strategies in teaching history to eighth grade students has had a significant effect on the development of positive thinking in contrast to the traditional method.